# كارايي بەرنامەيەكى ڕەفتارى پێشنيازكراو لەسەر پەرەپێدانى كارامەيي كۆمەڵايەتى لاى منداڵى ئۆتيزم لە تەمەنى قوتابخانەى بنەرەتيدا

هاژە طه محمد[1]، جبار احمد عبدالرحمن[2]

[1]بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

[2] بەشی کلینیکاڵ سایکۆلۆژی، فاکەڵتیی زانست و تەندروستی، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە بونیاتنانی بەرنامەیەکی ڕەفتاری پێشنیازکراو بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لای منداڵی ئۆتیزم، پاشان زانینی کارایی بەرنامەکە لای ئەومنداڵانەی کە ئۆتیزمیان هەیە و تەمەنیان لە نێوان (٦-٨) ساڵی دایە بەدەرخستنی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشینە و پاشینە بۆ کارامەیی کۆمەڵایەتی، دۆزینەوەی بەها و قەبارەی کاریگەری بەرنامەکە بۆ کارامەیی کۆمەڵایەتی. توێژەران لەم توێژینەوەیەدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لیستێکیان بۆ داتای سەرەتایی منداڵی ئۆتیزم ئامادەکرد و تەختەی جودارد بۆ پێوانەی زیرەکی (تەختەی شێوەکان) یان بەکارهێنا و پێوانەی جیلیامی (GARS-3) یان بەکارهێنا بۆ دەستنیشانکردنی منداڵی ئۆتیزم، بۆ پێوانەی کارامەیی کۆمەڵایەتی توێژەران خۆیان پێوەرێکیان ئامادە کرد بەسود وەرگرتن لە ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشو، کە لە ٣٣ بڕگە پێکهاتبوو دابەش ببوو بەسەر سێ تەوەرەدا (پەیوەندی کەسایەتی هاوبەش، کاتی پشو خۆشی، مسایرەکردن)، دوای دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمەتریەکان (ڕاستگۆیی و جێگیری) پێوەرەکە ئامادەبوو، پاشان توێژەران بەرنامەیەکی ڕەفتاریان ئامادەکرد بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی (کەیەکێکە لە کارامەییەکانی ڕەفتاری خۆگونجێنەر) لای منداڵی ئۆتیزم، پاشان بەرنامەکەیان جێبەجێکرد بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا کە (٨) منداڵ بوون، پاش چەندین ڕێککاری و ڕاوێژکردن بە شارەزایان هەڵبژێردران، بە بەکارهێنانی ئامارەکانی test Wilcoxon بۆ دوونمونەی بەیەکەوە بەستراو ئەنجامی توێژینەوەکە دەرهێنرا، کە بەمشێوەیەی خوارەوە بوو: دەرکەوت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشینە و تاقیکردنەوەی پاشینە هەیە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە و بەهای قەبارەی کاریگەری بەرنامەکە گەورە بووە، لە کۆتاییدا بەپێی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان ڕاسپاردە و پێشنیاز خراوەتە ڕو.

**وشە سەرەکییەکان:** بەرنامەیەکی ڕەفتاری، کارامەیی کۆمەڵایەتی، ئۆتیزم، قوتابخانەی بنەرەتی، ڕەفتاری خۆگونجێنەر.

## کێشەی توێژینەوەکە

توێژەران هەستیانکرد کە کێشەیەک هەیە، لە ڕاهێنانکردن بە منداڵی ئۆتیزم بەهۆی لاوازی کارامەیی کۆمەڵایەتی، کە یەکێکە لە کارامەییەکانی ڕەفتاری خۆگونجێنەر ئەمەش لە ئەنجامی بینینی شوێنەکانی ڕاهێنانپێکردنی منداڵی ئۆتیزم و نەبوونی زانیاری دەربارەی بەرنامەکانی چارەسەری ئۆتیزم لەلای هەندێک لە ڕاهێنەران و گلەیی زۆرێک لە دایک و باوکان بۆ لاوازی ڕەفتاری خۆگونجێنەر و بە تایبەت لاوازی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە لای منداڵی ئۆتیزم و زۆرێک لە مامۆستایان و خێزانەکان ئاستەنگی دەبینن لە ڕاهێنانپێکردنی منداڵەکانیان بۆ فێرکردنی کارامەیی کۆمەڵایەتی.

زۆر لە توێژینەوەکانی پێشو و ئامارەکان دەری دەخەن کە ژمارەی منداڵی ئۆتیزم لە زیادبووندایە لە جیهان بە گشتی و عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەت، بۆنمونە کۆمەڵەی گشتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵی (٢٠١١) ئامارێکی ڕاگەیاند، کە ڕێژەی توشبوون بە ئۆتیزم زۆر زیاترە لە ڕێژەی توشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە و ئایدز و جۆرەکانی تر لە کەمئەندامی، کە ٧٥منداڵ لە نێوان هەزار منداڵ توشی ئۆتیزم دەبن (فراج، ٢٠١٨، ٣). بەڵام توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە زۆر کەمە بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا، بە هۆی سەختی ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ئەمجۆرە منداڵانە.

زۆرێک لە توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە پێشکەشکردنی بەرنامەی تایبەت بە پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی وەکو کارامەیی پەیوەندیکردن بە چاو، تێکەڵاوی و

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٢١ تەمووز ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ١٦ ئاب ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٧ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەران: hazha.taha@koyauniversity.org ، jabar.ahmed@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ هاژە طه محمد، جبار احمد عبدالرحمن، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp153-166

بەشداریكردنی كۆمەڵایەتی هاوكارە بۆ كەمكردنەوەی هەندێك لە شڵەژانە ڕەفتارییەكان و توندی ڕەفتاری شەرانگێزی لە نێوان منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەت بەگشتی ئۆتیزم بەتایبەتی، ئەمجۆرە بەرنامانە دەبێتە ڕێخۆشكەر بۆ تێكەڵاوبوونی منداڵانی خاوەنپێداویستی تایبەت بۆ ناو كۆمەڵگا (مشهور، ٢٠١٦، ٥).

بەمشێوەیە زۆرێك لە توێژینەوەكانی پێشو ئاماژە بەوە دەكەن كە گرنگترین لایەنەكانی كەموكوڕی لە كارامەیی ڕەفتاری خۆگونجێنەر لەلای منداڵی ئۆتیزم بریتییە لە:

- نەبوونی توانای تێكەڵاوبوون لەگەڵ كەسانی تر، بۆیە دور دەكەوێتەوە لەگەڵ هەڵوێستە كۆمەڵایەتییەكان و خۆی حەشاردەدات لە ناو جیهانێكی تایبەت بەخۆی.
- گرنگی بەو كەسانەی كە لەدەوروبەریەتی نادات، گوێ بەوكەسانە نادات كە لە ژوورەكەیدا لەگەڵین، بەڵكو ئەو شتە ماددیانەی كە لەژوورەكەدا بوونی هەیە زیاتر سەرنجی ڕادەكێشن "كەلوپەل" .
- پەیوەندی چاوی نیە یان زۆر لاوازە، هەروەها ئەو وەڵام ناداتەوە كاتێك بەناوی خۆی بانگی دەكەیت و سەیری دایكی ناكات كاتێك قسەی لەگەڵ دەكات.
- ئەو ڕەفتارانە ئەنجام نادات كە بە پێی ستانداردی كۆمەڵایەتی یان پێوەری كۆمەڵایەتی پەسند و گونجاوە لەناو كۆمەڵگا.
- ئاستەنگی لە گرنگیدان بە خود و كارامەیی كۆمەڵایەتی هەیە.
- هیچ پەیوەندیەكی كۆمەڵایەتی یان هاوڕێیەتی نابەستێت (داغستانی، ٢٠١١، ٨٣-٨٤).

كەواتە ئۆتیزم بە یەكێك لە كاریگەرترین و بەهێزترین شڵەژانەكانی كەموكوڕی گەشە دادەنرێت بۆ سەر ڕەفتاری منداڵ، هەروەها منداڵی ئۆتیزم بەوە ناسراون كە لاوازیان لە كارامەیی كۆمەڵایەتی هەیە، ئەم كەموكوڕیە بە یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی ئەم چینەی منداڵ دادەنرێت، هەندێك لە توێژینەوەكان هەوڵیان داوە پەیرەوی هەندێك لە ستراتیژی و شێوازی ڕاهێنانی تایبەتبكەن بۆ كەم كردنەوەی نیشانەكانی ئەم شڵەژانە، واتە یەكێكە لەو شڵەژانانەی كە ڕاهێنەران ئاستەنگیەكی زۆر دەبینن بۆ تێگەیشتن و چارەسەركردنی كە پێویستی بە دەستنیشانكردنێك و تێبینیكردن و بەرنامەیەكی چارەسەری زۆر ورد هەیە (كاشف، ٢٠١٢، ٢٣).

بۆیە توێژەران بەباشیانزانی، كە توێژینەوە لەسەر ئەمجۆرەی منداڵ بۆ هاوكاریكردنی خێزان و سەنتەرەكانی ڕاهێنانكردن لەم بوارەدا بكرێت.

توێژەران كێشەی توێژینەوەكەیان زیاتر لەڕێگەی ئەم پرسیارەوە دەخەنە ڕو، كە بریتییە لە، ئایا كارایی بەرنامەیەكی ڕەفتاری پێشنیازكراو لەسەر پەرەپێدانی كارامەیی كۆمەڵایەتی لای منداڵی ئۆتیزم لە تەمەنی قوتابخانەی بنەڕەتیدا لە چ ئاستێكدایە؟

## گرنگی توێژینەوەكە:

كارامەیی كۆمەڵایەتی جێی بایەخە و گرنگیەكەی لەوەدایە كە ڕەفتارێكە مرۆڤ دەتوانێت فێری بێت و بەدەستی بهێنێت لە ڕێگەی ڕاهێنانكردن یان تێبینیكردن یان نمونەیەك، و بەیەكێك لە توانستەكانی كۆمەڵایەتی دادەنرێت، واتە كۆمەڵە وەڵامێكە یان چەشنە ڕەفتارێكی ئامانجدارە، دەتوانرێت بەرەو پێش ببردرێت و گەشەبكات، بریتییە لە توانای منداڵ بۆ هاوكاریكردن و بەشداریكردن لە چالاكیەكانی ڕۆژانە لەگەڵ منداڵانی تر و توانای منداڵ بۆ جێبەجێكردنی یاسایی و ڕێنماییەكان و ڕەچاوكردنی ئادابی كۆمەڵایەتی بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵكەوە پەسند بكرێت (العنتبلی،٢٠١١، ٣٩).

دەتوانین گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشان بكەین:

١. ئەم توێژینەوەیە گرنگی بە قۆناغێكی گرنگ لەژیانی منداڵ دەدات بەگشتی و منداڵی ئۆتیزم بەتایبەتی كە تەمەنی (٦-٨) ساڵیە كە تەمەنی دەستپێكی خوێندن و نوسین و ئادابەكانی ژیانە لە ڕوی كۆمەڵایەتییەوە.

٢. یەكێك لە گۆڕاوەكانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە كارامەیی كۆمەڵایەتی لای منداڵی ئۆتیزم و تێكەڵاوبوونی لەگەڵ خەڵك و هاوبەشیكردنی یاریەكانی لەگەڵ منداڵی ترو یاریكردن لەگەڵ كەسانی ترو چوونە دەرەوە لە جیهانی خودی خۆی.

٣. گرنگیدەدات بە كارامەییەكی زۆر گرنگ یارمەتیدەرە بۆ گەشەیەكی دروست.

٤. ئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە لەوانەیە هاوكاربێت بۆ دایك و باوك و ڕاهێنەران و مامۆستا و توێژەران كە چۆن بەرنامەیەكی چڕوپڕ دابڕێژن بۆ منداڵی ئۆتیزم بۆ پەرەپێدان بە بواری كارامەیی كۆمەڵایەتی.

٥. ئەم توێژینەوەیە پێوەرێك ئامادە دەكات بۆ پێوانەی كارامەیی كۆمەڵایەتی لای منداڵی ئۆتیزم كە لە كۆمەڵگای كوردیدا بگونجێت و لە ڕوی تایبەتمەندی سایكۆمەتریەوە نمرەیەكی بەرز بە دەست بهێنێت.

٦. لەم توێژینەوەیەدا پێوەری جیلیام بەكاردێت كە پێشتر بەكارنەهاتووە لەو توێژنەوانەی لە هەرێمی كوردستان ئەنجامدراوە (ئەوەندەی توێژاران ئاگادارین) بەتایبەتی دەرچووی سێیەمی ئەم پێوەرە كە لەساڵی ٢٠١٩ دەرچووە.

٧. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ بونیاتنانی بەرنامەیەك بۆ پەرەپێدان بە كارامەیی كۆمەڵایەتی لە لای منداڵی ئۆتیزم بۆ ئامادەكردنی بۆ ژیانی كۆمەڵایەتی و دروستكردنی پەیوەندی كۆمەڵایەتی (كە یەكێكە لە تەوەرەكانی ڕەفتاری خۆگونجێنەر).

## ئامانجەكانی توێژینەوەكە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە:

١. بونیاتنانی بەرنامەیەكی ڕەفتاری پێشنیازكراو بۆ پەرەپێدانی كارامەیی كۆمەڵایەتی لەلای منداڵی ئۆتیزم.

٢. زانینی كارایی بەرنامەیەكی ڕەفتاری پێشنیازكراو بۆ پەرەپێدانی كارامەیی كۆمەڵایەتی لەلای منداڵی ئۆتیزم لە تەمەنی خوێندنگەی بنەڕەتی (٦-٨)ساڵی، كە ئەم دوو ئامانجە لاوەكیەی لێدەبێتەوە:

آ- زانینی كارایی بەرنامەیەكی ڕەفتاری پێشنیازكراو بۆ پەرەپێدانی كارامەیی كۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەكە بە بەراوردكردنی تاقیكردنەوەی پێشینەو پاشینە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp153-166

ب- زانینی کاریگەری بەرنامەیەکی ڕەفتاری پێشنیازکراو بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە بە بەراوردکردنی تاقیکردنەوەی پاشینە و تاقیکردنەوەی بەدواداچوون.

٣. دۆزینەوەی قەبارەی بەهای کاریگەری بەرنامەی ڕەفتاری خۆگونجێنەر (کارامەیی کۆمەڵایەتی).

**گریمانەکانی توێژینەوەکە:**

١. هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشینە و ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشینە بۆ کارامەیی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە کە بەرنامەی ڕەفتاری پێشنیازکراویان بەسەردا جێبەجێدەکرێت.

٢. جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠,٠٥) لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشینە و ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی بەدواداچوون لای نمونەی توێژینەوەکە.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە :

سنوری مرۆیی: منداڵانی ئۆتیزم کە تەمەنیان لە قۆناغی خوێندنگەی بنەڕەتیدایە لە ناو شاری کۆیە (تەمەنی ٦ بۆ ٨ ساڵی).

سنوری کات: ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

سنوری جوگرافی: ناوەندی قەزای کۆیە.

سنوری بابەتی: بەرنامەیەکی ڕەفتاری پێشنیازکراو کە پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە خۆ بگرێت.

**پێناسەی چەمکەکان:**

**یەکەم / کارایی:**

پێناسەی (المصدر، ٢٠١٧): بریتییە لە گەیشتن بەو ئامانجانەی کە بەرنامەی پێشنیازکراوی بۆ داڕێژراوە، و پێوانە دەکرێت بەو جیاوازیەی کە لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشینەو تاقیکردنەوەی پاشینە لەڕێگەی پێوەری ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستەی کە توێژینەوەکەی بۆ ئەنجامدەدرێت هەیە (المصدر، ٢٠١٧، ٢٧٦).

**دووەم/ بەرنامەی ڕەفتاری:**

١. پێناسەی (بیومی، ٢٠٠٨): بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی داڕێژراو بەشێوەی هەنگاو بە هەنگاو، بەرنامەیەکی تەواو و بەیەکەوە بەستراو کە لەماوەی کاتێکی دیاریکراو پێشکەش دەکرێت و کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی گشتی بەرنامەکە (بیومی، ٢٠٠٨، ١).

٢. پێناسەی (قطب، ١٤٢٧ھ): بریتییە لە پرۆسەیەکی ڕێکخراو کە پشت بە پرەنسیپ و هونەری چارەسەرکردنی رەفتاری دەبەستێت ، هەروەها پێکدێت لە کۆمەڵێک هەڵوێستی فێربوو کە وادەکات منداڵ فێری کارامەییەکان بێت و وەڵامی بۆ ورژێنەرەکانی دەوروبەری هەبێت (قطب، ١٤٢٧ھ، ٩).

**سێیەم/ ئۆتیزم:**

١. پێناسەی ئۆتیزم لە مانویلی دەیەم بۆ پۆلێنکردنی نەخۆشیە نێودەوڵەتیەکان (International Classification Disease, ICD-10): جۆرێکە لەشڵەژانەکانی گەشە بەشێوەیەکی گشتی کە لە سێ ساڵی یەکەمی تەمەنی منداڵ بە دیاردەکەوێت و بەوە دەستنیشان دەکرێت کە بریتە لە دواکەوتنی فەرمانەکان لە سێ بابەتی سەرەکیدا (تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی هاوپەیوەندی و پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتری، زۆر دوبارەکردنەوەی ڕەفتارە نەخوازراوەکان)، و هەندێک لە منداڵەکان دەناڵێنن بەدەست ئاستەنگی (نوستن، خواردن، ڕەفتاری توندوتیژی و فرەجوڵەیی) ( سهیل، ٢٠١٥، ٣٣).

٢. پێناسەی (صفری و خەلیل وهمتان، ٢٠١٥): ئۆتیزم جۆرێکە لە جۆرەکانی شڵەژانی دەماری لەگەڵ بوونی شڵەژانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و شڵەژان لە کارامەییەکانی پەیوەندیکردن و بوونی ڕەفتار و مەیلی چالاکی هەمەچەشنە کە منداڵی ئۆتیزمی پێدەناسرێتەوە (صفری و خلیل و همتان، ٢٠١٥، ٩).

٣. پێناسەی (الخفاجی، ٢٠١١): ئۆتیزم شڵەژانێکی گەشەیە کە بەدیاردەکەوێت لە ٣٠ مانگی یەکەمی تەمەنی منداڵەکە و کاریگەری لەسەر پەیوەندی زمانەوانی بەشێوەی زارەکی و نازارەکی هەیە ، هەروەها کاریگەری لەسەر کارامەیی کۆمەڵایەتی هەیە ، ئەم منداڵانەی هەندێک نیشانە لەلایان سەرهەڵدەدات وەکو ڕەفتاری نەخوازراو و ڕەتکردنەوەی گۆڕانکاری و دورکەوتنەوە لە خەڵک و حەزکردن بە تەنیایی و بوونی پەرچەکرداری نەگونجاو لە هەڵوێستە جیاوازەکان و تورەیی و شەرانگێزی، بەڵام هەموو ئەم نیشانانە مەرج نییە لەلای یەک منداڵ کۆببێتەوە واتە لە منداڵێک بۆ منداڵێک دەگۆڕێت (الخفاجی، ٢٠١١، ٩٨).

**چوارەم / کارامەیی کۆمەڵایەتی:**

١. پێناسەی (علیوە، ١٩٩٩): بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەفتاری زارەکی و نازارەکی کە لەلای تاک دروست دەبێت لە ڕێگەی بەرنامەیەکی ڕاهێنانی داڕێژراو، کە دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەرێنی لە گەڵ ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی (علیوە، ١٩٩٩، ٨).

٢. پێناسەی نفیسە (٢٠١٣): بریتییە لە توانای تاک کە گوزارشت لە هەستی خۆی و ڕای خۆی و بیرۆکەکانی بەرامبەر بە خەڵکی تر دەکات بەشێوەیەکی زارەکی و نازارەکی، لەهەمان کاتدا بریتییە لە توانای تاک بۆ سەرنجدان و درککردن بۆ ئەو ڕەفتارە زارەکی و نازارەکیەی لە خەڵکی تر سەر هەڵدەدات، بەشێوەیەکی گونجاو ڕەفتار دەکات لە هەڵوێستەکانی کۆمەڵایەتی، کۆنترۆڵی ڕەفتاری زارەکی و نازارەکی خۆی دەکات، کە ئەمانەش یارمەتیدەرە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجەکان (نفیسە، ٢٠١٣، ٨).

٣. پێناسەی (سلامە، ٢٠١٤): بریتییە لە کۆمەڵێک ڕەفتاری بەدەست هاتوو کە وا دەکات منداڵ ڕەفتاری ئەرێنی ئەنجامبدات بەرامبەر بە خەڵک و توانای پێدەبەخشێت کە درک بکات کە چ جۆرە ڕەفتارێک ئەنجامدەدات لە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp153-166

هەڵوێستەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی، هەروەها توانای هەبێت کە گۆڕانکاری لە ڕەفتارەکانی خۆی بکات کە گونجاو بێت لەگەڵ داب و نەریتی کۆمەڵگاکەی (سلامە، ٢٠١٤، ١٧).

**پێنجەم / قۆناغی خوێندنگەی بنەڕەتی:**

ئەم قۆناغە دەستپێدەکات لە تەمەنی ٦ ساڵی بەشێوەیەکی ئیجباری، لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی دەست پێدەکات تا پۆلی نۆیەم، گرنگترین بابەتەکانی کوردی و بیرکاری و ئینگلیزی و پەروەردەی ئیسلامی و گرنگی بە پێکەیاندنی کارامەییەکانی کۆمەڵایەتی و زمانەوانی دەدات (الدليل الشامل للتعليم في العراق، ٢٠٢٢، ٢).

## چوارچێوەی تیۆری

**یەکەم/ ئۆتیزم:**

شلەژانەکانی ئۆتیزم بە یەکێک لە دیاردە نوێیەکان دانانرێت, بەڵکو هەر لە کۆنەوە بوونی هەبووە بەڵام لە ژێر ناوی تر، لە سەدەی نۆزدەهەم پزیشکەکان تێبینی ئەوەیان کردبوو کە هەندێک منداڵ هەیە کارامەیی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتاری یان کارامەیی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ کەس و کار و منداڵانی هاوتەمەنی خۆیان و ئەو ژینگەی تێیدا دەژین نییە، بەڵام لە کۆتایی سەدەی بیستەم ئەم تێبینیانە لەلایەن زانستی دەرونزانی گرنگیەکی زۆری پێدرا، بەڵام لەو کاتە نیشانەکانی ئۆتیزم وا سەیر دەکرا کە نیشانەی شیزۆفرینیا بێت, بەڵام دوایی پزیشکی دەرونی کانر ناوێکی بۆ نیشانەکان دانا کە ئەویش ئۆتیزمە بەڵام دوایی ناونرا شلەژانی شەبەنگی ئۆتیزم (رابح و شويعل، ٢٠١٧، ١٣-١٤).

کۆمەڵەی ئۆتیزم لە ئەمریکا (١٩٩٦) (The Autism Society of America) ئاماژەی بەوەدا کە ئۆتیزم پێکدێت لە کۆمەڵە تێکچوونێک لە ڕەفتاری پەیوەندی لە لای منداڵ، لەوانە:

ــ کەموکوری لە پەیوەندی: لەڕوی زمانەوانیەوە بەشێوەیەکی زۆر لەسەرەخۆ گەشە دەکات و منداڵەکە هەندێک وشە بەکاردەهێنێت کە هیچ مانایەکی نییە.

ــ کەموکوڕی لە تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی: منداڵی ئۆتیزم زۆربەی کاتەکانی بە تەنیا بەسەر دەبات، لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ کەسانی تر بێت.

ــ کەموکوڕی لە هەستەکان: منداڵی ئۆتیزم پەرچەکرداری نا ئاسایی ئەنجامدەدات بۆ هەستە فیزیکیەکان.

ــ کەموکوڕی لە یاریکردن: منداڵی ئۆتیزم ناتوانێت یارییە خەیاڵیەکان ئەنجامبدات.

ــ کەموکوڕی لە ڕەفتارەکان: هەندێک لە منداڵەکانی ئۆتیزم فرە جوڵەیە یان زۆر بەکەمی جوڵە دەکات (عبدالقادر، ٢٠١٣، ٤).

**دووەم/ ڕەفتاری خۆ گونجێنەر:**

ڕەفتاری خۆگونجێنەر بە یەکێک لەو بابەتە گرنگانە دادەنرێت، کە تاک لە قۆناغەکانی سەرەتای ژیانیدا فێری دەبێت و بەدەستی دەهێنێت، بۆیە گونجاندن بەرهەمی ئەو ئەزمون و کارامەییانەیە کە تاک لە ژینگەی سەرەتایی بە دەستی هێناوە، ئەگەر ئەو ئەزمون و کارامەییانە دروستبوو ئەوا هاوکار دەبێت بۆ خۆگونجاندنی دروست و بە پێچەوانەشەوە. بۆیە توانای خۆ گونجاندن بە یەکێک لە کارامەییە گرنگەکان و پێویستیەکان لە ژیاندا دادەنرێت ، بۆیە ئەو کەسانەی ئەرکی پەروەردەکردنیان لەسەر شانە ناچارەکات کە گرنگی بە پێکەیاندنی کارامەیی ڕەفتاری خۆگونجێنەر بدەن لەلای تاک (سلیمان و نافع و حمدی، ٢١٦، ل٢٧١).

بە پێی توێژینەوەی (Alferi, Scibelli & et al, 2022) کە لە ئەمریکا ئەنجامدراوە لە نەخۆشخانەیەکی دەرونی تایبەت بە منداڵان ئاماژە بەوە دەکات کە ڕەفتاری خۆگونجێنەر لەلای منداڵی ئۆتیزم بەبەردەوامی بەرەو باشی دەروات ئەگەر لەتەمەنێکی زوی منداڵ ڕاهێنانی پێبکرێت و گرنگی پێبدرێت بەشێوەیەکی دروست، لەگەڵ ئەمەش پەیوەندیەکی پێچەوانەی هەیە لە نێوان تەمەن و ڕەفتاری خۆگونجێنەر (Alferi, Scibelli & et al, 2022, pp:2) .

گرنگترین پێوەر کە ڕۆڵی لە پێوانەکردنی ڕەفتاری خۆگونجێنەر و دەست نیشانکردن و هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری خۆگونجێنەر هەیە (پێوانەی کۆمەڵەی ئەمریکیە بۆ ڕەفتاری خۆگونجێنەر و پێوەری فاینلاندە بۆ ڕەفتاری خۆگونجێنەر). پێوەری فاینلاند گەشەی پێدرا لە ساڵی ١٩٨٤ جیاوازی ئەو پێوەرە لەوە دایە کە پێوانەی تەمەنە جیاوازەکانی گەشەی مرۆڤ دەکات، لەو کاتەی لە دایک بووە تا تەمەنی ١٨ ساڵی دەست پێدەکات (دول، ٢٠٠٤، ٥).

**سێیەم/ گەشەی کۆمەڵایەتی:**

لەتەمەنی شەش ساڵی منداڵدا خوێندنگە دەبێتە (دایکێکی جێگرەوە) کار لەسەر منداڵ دەکات، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئەو منداڵە دەوەستێتە سەر جۆری ئەو کەسایەتیەی کە لەماڵەوە و لە دایەنگە وەری گرتووە ئەگەر بە دایەنگەدا ڕۆیشتبێت، لە خوێندنگە یاری بە کۆمەڵ دەکات، ئەوا لە کاتی ئەم یاریانە منداڵ زۆر شت دەربارەی خودی خۆی فێردەبێت و بازنەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی فراوانتر دەبێت، تایبەتمەندی گەشەی کۆمەڵایەتی ئەم قۆناغە بریتییە لە: هەوڵدانی زۆر بۆ سەربەخۆیی، دەرکەوتنی نیشانەی نوێ لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتیەکان، بوونی فرە ڕەفتاری بەهۆی پێوەر و ئاراستەی کۆمەڵایەتی و بەهای گەورەکان دروست بووە، کە دەبێتە هۆی فراوان بوونی بازنەی حەز و ئارەزووەکان و گرنگیدانەکانی تاک (عوض، ١٩٩٩، ٧٦).

کەموکوڕی کارامەیی کۆمەڵایەتی لەلای ئەو منداڵانەی کە توشبووی ئۆتیزمن بە پێی مانوێلی دەستنیشانکردن و ئاماری (DSM-IV)، یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی منداڵی ئۆتیزم لاوازی ئاستی ئەنجامدانی کۆمەڵایەتییە. واتە منداڵی ئۆتیزم زۆربەی جار دەناڵێنێ بەدەست کارلێکردن لەگەڵ کەسە نزیکەکانی، ئەمانەی خوارەوە بەشێکی کەمی کێشە کۆمەڵایەتیەکانە کە منداڵی ئۆتیزم پێوەی دەناڵێنێت: لاوازی پەیوەندی چاو، ئاوڕنادات‌ەوە کاتێک کەسێک ئاماژە بۆ بوونەوەرێکی تر دەکات، بوونی ئاستەنگی لە تێگەیشتنی لە گاڵتە و نوکتە، ئاستەنگی دەبینێت لەوەی دەست بە گفتوگۆ بکات بەشێوەیەکی ئاسایی، مەیلی دووبارەکردنەوەی گوزارشت و کرداری کەسانی تر، یاری بەشێوەیەکی نائاسایی دەکات، کێشەی هەیە لەوەی پەیوەندی بە کەسانی تر بکات بۆ یاریکردن، دورەپەرێزە و گرنگی بە کەسانی تر نادات، ڕێزی تایبەتمەندی کەسانیتر ناگرێت، ئاستەنگی دەبینێت لەو ئاماژە کۆمەڵایەتیانەی کە بەشێوەی نازارەکیە، فێربوونی کارامەیی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵ بەشێوەیەکی گشتی و منداڵی ئۆتیزم بە شێوەیەکی تایبەت گرنگە بۆ قەرەبوو کردنەوەی هەر کورتهێنانێکی کۆمەڵایەتی (Christopher & Shakila, 2015, pp:140).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp153-166

**چوارەم/ شێوازی بەدەستهێنانی کارامەیی کۆمەڵایەتی:**

ڕەفتار بریتییە لە هەرشتێک کە تاک بتوانێت بە کردار یان وتە یان بیرکردنەوە ئەنجامی بدات، چاککردنی ڕەفتار و بەدەستهێنانی کارامەیی نوێ واتە گۆڕانکاری و پێشکەوتنی هەر تایبەتمەندیەک لە تایبەتمەندیەکانی چالاکی تاک لەو ژینگەیەی کە تێیدا دەژی لە ژێر ڕۆشنایی سروشتی ئەوچالاکییە (الهادی، ٢٠٠٢، ٦٤). هەروەها گرنگترین شێوازەکانی بەدەستهێنانی کارامەیی کۆمەڵایەتی پێکدێت لە:

١. ستراتیژی هاندانی کۆمەڵایەتی: سکینەر ئاماژە بەوە دەکات کە بەهێزکەرە کۆمەڵایەتیەکان کاریگەرن لە فێربوونی مەرجدار کرداری، سەرنجدەداتە ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەرەفتارەکە ڕودەدات و ئەنجامی ڕاستەوخۆ بەدەستەوە دەدات و ڕاستەوخۆ پاداشتی لە دوادێت، کە بەڵگەیە لەسەر سەرکەوتن و مەیلی دووبارەکردنەوەی ڕەفتارە نوێیەکە لەلایی منداڵەکە دروست دەبێت، هانی ئەو وەڵامە دەدرێت و پاڵپشتی لێدەکرێت کە لە ئامانجەکە نزیکە ئەگەر بەڕێژەیەکی کەمیش بێت تاوەکو کارامەیی داواکراو دێتە دی، بۆیە سکینەر دووجۆر لە هاندانی پێشنیاز کردووە لەوانە:

ــ هاندانی بەردەوام: واتە هانی  وەڵامی داواکراو بدرێت هەر کاتێک تاکەکە ئەنجامی دا.

ــ هاندانی پچڕپچڕ: هەموو کات پێویست ناکات هانی وەڵامەکە بدرێت کە تاکەکە ئەنجامی دەدات، تاوەکو منداڵەکە بتوانێت بەبێ هاندانیش لەسەر ئەو ڕەفتارە بەردەوامبێت کە فێرکراوە، هاندان هەندێکجار ئەرێنییە و هەندێکجار نەرێنییە، باندۆرا باوەڕی وایە کە هاندانی زمانەوانی زیاتر کاریگەرە، چونکە پەیوەستە بە ئاستی ئەنجامدانی کردارەکە بەسەرکەوتوویی و ڕەفتارەکەش بەستراوەتەوە بە پاداشتێکی زمانەوانی، بەمشێوەیە دەتوانرێت کارایی ئەم کردارە لە داهاتوو بەهێزبکرێت (الماحی، ٢٠١٧، ٦١).

ــ هەروەها دەتوانی هاندان وەکو پاڵنەرێک بەکاربهێنرێت بۆنمونە بێبەشکردنی منداڵ لە شتێک کە زۆر حەزی پێدەکات کە ئەمەش لەهەمان کاتدا جۆرێکە لە سزا، هەمان شت بەکاردەهێنێت کاتێک پاداشت دەکرێت واتە کاتێک ئەو کارە دەکات کە لێی داواکراوە یان ڕەفتارێکی باشی ئەنجامداوە، و هاندانی لاوەکیش گرنگە وەکو قسەیەکی خۆش بۆ خوێندکارەکە یان گوزارشتی دەم و چاو بەشێوەیەکی ئەرێنی و بەدەستهێنانی ئەستێرە، و زۆر گرنگە کە مامۆستاو ڕاوهێنەرەکان سەرەتای فێرکردن یان ڕاهێنانپێکردن هاندانی بەردەوام بەکاربهێنن دوایی بیگۆڕن بۆ هاندانی پچڕپچڕ (ربیع، ٢٠٠٨، ١٣٨).

٢. ستراتیژی پێشبینیکردنی ئەنجام: واتە تاک پێشبینی ئەنجامی کارەکان دەکات بە هۆی ئەزمونی پێشوتر ، ئەم بیرۆکەیەش دەرئەنجامی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی ڕۆتەرهاتۆتە ئاراوە،  کە جەختی لە پێشبینی خودی کردۆتەوە لەلای تاک دەربارەی ئەنجامەکانی لە داهاتوودا و پاڵپشتی کردن لە بەهای خودی لەڕوی دەرونیەوە لەو هەڵوێستانەی کە تاک پێیدا ڕۆیشتووە (الماحی، ٢٠١٧، ٦١-٦٢).

٣. ستراتیژی مۆدێلی کۆمەڵایەتی (نمونەی کۆمەڵایەتی): ئەم ستراتیژیە لە تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی باندۆراوە سەرچاوەی گرتووە کە باوەڕی وابوو منداڵ کاتێک تێبینی ڕەفتارێک دەکات ڕاستەوخۆ لاسایی ناکاتەوە، بەڵکو دوای ماوەیەک جاری واهەیە دوای ڕۆژێک یان هەفتەیەک ئینجا ڕەفتارەکە دووبارە دەکاتەوە (قطامی، ٢٠٠٥، ٣٦)، بۆیە زۆرجار منداڵ فێردەبێت بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕاهێنانی پێکرابێت بەڵکو فێردەبێت لەڕێگەی تێبینیکردنەوە یان فێربوون لەڕێگەی بەریەککەوتن لەگەڵ خەڵک و تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئەو ژینگەیەی کە منداڵەکە تێیدا دەژیت یان لە ڕێگەی بینینی ئەو نمونانەی (مۆدێلانەی) کە لە ژیانیدا چاوی پێیان دەکەوێت و لاساییان دەکاتەوە (الخطیب، ٢٠٠٣، ٢٦).

**توێژینەوەکانی پێشو:**

**یەکەم/ توێنەوەی (مشهور، ٢٠١٦)** ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتیی بوو لە زانینی کارایی بەرنامەیەکی ڕاهێنانپێکردنی پیشنیازکراو بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی چالاکی یاری بە کۆمەڵ لە لای منداڵی ئۆتیزم، نمونەی توێژینەوەکە یەک منداڵ بوو کە تەمەنی (١١) ساڵ بوو لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی خوێندنگەیەکی تایبەت دانرا، ئامرازی توێژینەوەکە بریتیی بوو لە ڕاپرسیەک بۆ کۆکرنەوەی داتای سەرەتایی دەربارەی منداڵەکە و لیستێک بۆ هەڵسەنگاندنی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی کە وەک پێوەرێک بەکار هاتبوو و بەرنامەی پێشنیازکراو لە چالاکی و یاری بەکۆمەڵ، بۆ شیکردنەوەی داتاکان پشتی بە هەردوو میتۆدی شیکردنەوەی جۆری و شیکردنەوەی چەندایەتی بەست لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینە هەیە بۆ لیستی هەڵسەنگانی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە ئەمەش دەیسەلمێنێت کە بەرنامەی پێشنیازکراو کارایە بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵی ئۆتیزم.

**دووەم/ توێژینەوەی (مسعودة و بشیر، ٢٠١٨)** ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی کارایی بەرنامەیەکی ڕاهێنان پێکردنی پێشنیازکراو بۆ پێگەیاندنی ڕەفتاری خۆ گونجێنەر لە لای منداڵی ئۆتیزم، نمونەی توێژینەوەکە (٦) منداڵ بوو (٥ کوڕ و ١ کچ)، ئامرازی توێژینەوەکە پێوەری کارامەیی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بوو، ئامرازی ئاماری توێژینەوەکە بریتی بوو لە ناوەندەژمێرەیی و لادانی پێودانگی و شیکردنەوەی جیاکاری (تحلیل التباین)، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بۆ تاقیکردنەوەی پاشینە بۆ کارامەیی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونی هەیە ، و جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی کۆمەڵەی ئەزمونی و کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو بۆ تاقیکردنەوەی بەدواداچوون بۆ کارامەیی کۆمەڵایەتی لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونی هەیە.

**لایەنە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە:**

**یەکەم / ڕێبازی توێژینەوەکە و دیزاینی توێژینەوەکە :** لەم توێژینەوەیەدا توێژەران ڕێبازی نیمچە  ئەزمونییان بەکارهێناوە. ئەمەش بە پێوانەکردنی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ (پڕۆگرامی ڕەفتاری پێشنیازکراو) لەسەر گۆڕای شوێنکەوتە (کارامەیی کۆمەڵایەتی)، و لە یەک گروپ پێکهاتووە ئەویش گروپی ئەزمونییە کەبەرنامەکەی لەسەر جێبەجێدەکرێت.

**دووەم / کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە پێویستە سەرەتا کۆمەڵگا ڕەسەنەکە بە هەموو تایبەتمەندیەکان بناسێنرێت، چونکە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp153-166

بەکارهێنانی هەر ئامرازێکی تر بەکارێکی ناتەواو دادەنرێت تاوەکو وەسفی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ورد نەکرێت (احمد، ٢٠٢٢، ١٠٣).

کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکدێت لەهەموو ئەو منداڵانەی تووشبووی ئۆتیزمن و لەلایەن پزیشکانی پسپۆر لەو بوارە دەستنیشانکراون لە قەزای کۆیە کە تەمەنیان لە نێوان (٦-٨) ساڵە بۆ ساڵی (٢٠٢٢-٢٠٢٣) کە توێژەر خۆی بەشداریکرد لە کۆکردنەوەی داتا و زانیاری دەربارەی ئەو کۆمەڵەیە بۆ زانینی ژمارەی ئەو منداڵانەی توشبووی ئۆتیزمن بە هاوکاری ڕێکخراوی لەنوێی خێرخوازی بۆ شیاندنی ئۆتیزم و سەرۆکایەتی زانکۆی کۆیە کە ژمارەیان (١٤) منداڵ بوو لە کوڕ و لە کچ، کە بریتیی بوون لە (١٢) کوڕ و (٢) کچ کە تەمەنیان لە نێوان (٦-٨) ساڵیدا.

**سێیەم / نمونەی توێژینەوەکە:** ئەو منداڵانە هەڵبژێردران کە توشبووی ئۆتیزمن تاوەکوو ببن بە ئەندام لە نمونەی توێژینەوەکە بە پێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە:

**هەنگاوی کۆکردنەوەی زانیاری (التجربة الاستطلاعیة):** توێژەران سەردانی ژمارەیەکی زۆر لەسەنتەرەکانی ئۆتیزمیان کرد لە هەولێر و لە سلێمانی و لە هەڵەبجە، و ڕێکخراوی لە نوێ لە کۆیە، و خوێندنگەی کەنەدی لە هەولێر ، لە هەندێک لەسەنتەرەکان توێژەران دەچوونە ژوری ڕاهێنان و تێبینی منداڵەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی زیاتر دەربارەیان بزانن و تایبەتمەندیەکانیان بناسن و داوای زیاتر ڕونکردنەوەیان دەکرد لە ڕاهێنەران دەربارەی ئۆتیزم و بەتایبەتی دەربارەی کارامەیی کۆمەڵایەتی و لەهەندێک سەنتەرەکان لەگەڵ بەڕێوەبەری سەنتەرەکان بەیەکەوە سەیری ڕاهێنانی منداڵەکانیان دەکرد لەڕێی کامێرای چاودێریدا، زیاتر داوای ڕونکردنەوەیان دەکرد بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی توێژینەوەکە و دانانی بەرنامەیەکی گونجاو و ئەو ڕەفتارە خۆگونجێنەرانە چییە کە بوونیان هەیە لەلای منداڵی ئۆتیزم و ئەو ڕەفتارە خۆگونجێنەرە چییە کە پێویستە هەبێت و ماوەی گونجاو و کاتی ڕاهێنانی گونجاو چۆنە بۆ ڕاهێنانکردن بەو منداڵانە و چۆنیەتی دانیشتنیان و پاداشت و سزای گونجاو چییە بۆ ئەو منداڵانە.

**ئەو ئامرازانەی کە لە هەنگاوی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهاتووە بریتییە لە:**

**ا- چاوپێکەوتن:** چاوپێکەوتن بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەنجامدرا لەگەڵ حاڵەتەکان و سەرپەرشتی منداڵەکە و ڕاهێنەران و بەڕێوەبەری سەنتەرەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری پێویست و دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی ئەومنداڵانەی بەدەست ئۆتیزم دەناڵێنن.

**ب- تێبینی کردن:** زانیاریەکان کۆکرانەوە لە ژێر چاودێریکردن و تێبینیەکی زۆر ورد بەبێ شاردنەوەی هیچ لایەنێک یان چاوپۆشیکردن لە هیچ بابەتێک بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئەنجامەی کەتوێژینەوەکە ئامانجیتی بیزانێت.

**ج- پێوەری جیلیامی جیهانی** (دەرچووی سێیەم–ساڵی ٢٠١٩) بۆ دەستنیشانکردنی منداڵی ئۆتیزم و دەستنیشانکردنی ئاستی ئۆتیزمەکەی و بۆ کۆنترۆڵکردنی نمونەی توێژینەوەکە.

**د- پێوەری جودارد** بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی ژیری منداڵەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی نمونەی توێژینەوەکە .

**ــ هەڵبژاردنی نمونەی توژینەوەکە:** بۆ چۆنیەتی هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە؛ توێژەران پێداچوونەوەیان بۆ کۆمەڵێک لە توێژینەوەی پێشو کردووە و ڕای شارەزایانیان دەربارەی ئەوبابەتە وەرگرتووە بۆیەهەنگاوەکانیان بەمشێوەیە ئەنجامدا:

آ- دوای ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ڕاهێنان بە منداڵی ئۆتیزم دەکرێت بۆ ماوەی (٢) مانگ بۆ ئەو منداڵانەی کە تەمەنیان لەنێوان (٦-٨) ساڵیە و پێویستە منداڵەکە توانای قسەکردنی هەبێت.

ب- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو باوکانە ئەنجامدرا کە منداڵەکانیان هێنا بوو، پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە باوکان کە ماوەی مانگێکی خایاند و ماوەی هەر دانیشتنێک (١)کاتژمێر بوو بۆ زیاتر ڕونکردنەوە لەسەر منداڵی داواکراو.

ج- پاشان ئەو منداڵانە هەڵبژێردران کە مەرجەکانیان تێدا بوو.

د- ئاستی ئۆتیزمی منداڵەکان دیاریکرا لە ڕێگەی پێوەری جیلیامی جیهانی (دەرچووی سێیەم–ساڵی ٢٠١٩) هەروەها بۆ دەستنیشانکردنی منداڵی ئۆتیزم پشت بەسترا بە پێوەری جیلیام و ڕاپۆرتی پزیشکی منداڵەکە کە لەلایەن پزیشکانی پسپۆر لەو بوارە بڕیاریان داوە، ئاستی سادە و ئاستی مامناوەند و ئەو منداڵانەی توانای قسەکردنیان هەیە هەڵبژێردرا لە منداڵە ئۆتیزمەکان، کە ژمارەیان (٨) منداڵ بوو لە کۆی (١٤) منداڵ.

هـ- توێژەران پێوەری ئاستی کۆمەڵایەتی وڕۆشنبیری و ئابوری بەسەر خێزانەکان جێبەجێکرد (ئامادەکردنی توێژەران)، دەرکەوت کە ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری نمونەکە تاڕادەیەکی زۆر لە یەک ئاستدان دایکەکان هەموویان ژنی ماڵەوەن تەنیا یەک دایک فەرمانبەر بوو و هەموو باوکەکان دبلۆمیان هەبوو و ئاستی ئابوریان مام ناوەند بوو.

و- دیاریکردنی منداڵەکان پاش جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەی زیرەکی بۆیان، پێویستە تەمەنی ژیری و تەمەنی کاتی منداڵەکان دیاریبکرێت و پاشان دیارکردنی ئاستی زیرەکیان ئەمەش بە پشت بەستن بە پێوەری جودارد (تەختەی شێوەکان) و ئەم پێوەرە پێویستی بە کارامەیی زمانەوانی نیيە و زۆربەی منداڵەکان ڕێژەی زیرەکیان لە نێوان (٤٠-٧٥) بوو و ناوەندژمێرەیی ئاستی زیرەکی منداڵەکان (٤٩,٣٧) و لادانی پێودانگی (١١,٦٩) بوو.

لەڕوی درێژیەوە درێژیان لە نێوان (١٠٦-١٣٥سم) بوو و دەرکەوت ناوەندی ژمێرەیی (١١٩,٢٥) بوو و لادانی پێودانگی (١٢,٧٩) بوو، لە ڕوی کێشەوە کێشیان لەنێوان (١٨-٣٠) کیلۆگرام بوو و ناوەندەژمێرەیی (٢٣,٣٧) بوو و لادانی پێودانگی (٥,٢) بوو، لەڕوی تەمەنەوە تەمەنیان لەنێوان (٦-٨) ساڵی بوو و ناوەندە ژمێرەیی تەمەن (٦,٨) بوو و لادانی پێودانگی (٠,٩٩) بوو.

پاش ئەو ڕێککاریانە نمونەی توێژینەوەکە دیاریکرا کە ژمارەیان (٨) منداڵ بوو و تەمەنیان لە نێوان (٦-٨) ساڵان بوو واتە تەمەنی قوتابخانەی بنەڕەتی و (١) کچ و (٧) کوڕ بوو. هەروەک لەم خشتەیەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:

خشتەی (١) هاوپەیوەندی نمونەی توێژینەوەکە (تجانس العینة)

| هاوپەیوەندی نمونەکە | ژمارەی نمونەکە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی |
|---|---|---|---|
| زیرەکی | ٨ | ٤٩,٣٧ | ١١,٦٩ |
| درێژی | ٨ | ١١٩,٢٥ | ١٢,٧٩ |
| کێش | ٨ | ٢٣,٣٧ | ٥,٢ |
| تەمەن | ٨ | ٦,٨ | ٠,٩٩ |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp153-166

هیچ قەبارەیەک دیاری نەکراوە کە ئەمە قەبارەی نمونەیی بێت بۆ توێژینەوەکە، زۆری ژمارەی نمونەی توێژینەوەکە زۆرجار مانای ئەوە نییە کە دەمانگەیێنێتە ئاستی گشتاندن ئەگەر ئەو نمونەیە نەگەیشتبێتە ئاستێک کە ڕۆڵی کۆمەڵگاکەی بگێڕێت، لەگەڵ ئەوەش قەبارەی توێژینەوە چەندین هۆکار کاریتێدەکات لەوانە (سروشتی کێشەکەو ئامانجەکانی، پرۆگرامی توێژینەوەکە ئایا ئەزمونیە یان وەسفییە یان ...هتد، دیزاینی توێژینەوەکە، قەبارەی کۆمەڵگا ڕەسەنەکە، ژمارەی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، تا چەند نمونەی توێژینەوەکە وردە و چۆتە قوڵایی کۆلگا، توانای توێژەر لە ڕوی ماددی و زانستی و ئەو تەکنیکانەی بەکاری دەهێنێت، هەروەها ئەو کاتەی لەبەر دەستی توێژەرە، مەرج نییە توێژەر پەیوەست بێت بە ڕێژەی وەرگرتنی نمونە لە کۆمەڵگا، مەرج نییە ئەگەر نمونەکە بچوک بوو کەواتە گشتاندن بە ئامانی ناکرێت کە زۆرجار نمونەی زۆر بە ڕێگای دروست ڕانەکێشرابێت (عطیە، ٢٠٠٩، ١٠٥-١٠٦).

**تاقیکردنەوەی پێشینە بۆ کارامەیی کۆمەڵایەتی بۆ نمونەی توێژینەوەکە:** پێوەری کارامەیی کۆمەڵایەتی لەسەر نمونەکە جیبەجێکرا (کۆمەڵەی ئەزمونی) کە توێژەر پێوەرەکەی ئامادەی کردووە و لە شوێنی ڕێکخراوی لە نوێ پێوەرەکەی بەشێوەی کۆتایی جیبەجێکرد، و کارامەیی کۆمەڵایەتی لە سێ ڕەهەند پێکهاتبوو (پەیوەندی کەسایەتی هاوبەش، کاتی پشو و خۆشی، ڕۆیشتن لەگەڵیدا)، ناوەندە ژمێرەییەکەی بەشێوەیەکی گشتی (٨٧,١٠٣) و لادانی پێودانگی (٥٦,٢٠) نمرە بوو، بەڵام ناوەندەژمێرەیی ڕەهەندی پەیوەندی کەسایەتی هاوبەش (٦٣) نمرە و لادانی پێودانگی (١٥,٣٣) نمرە بوو و کاتی پشو و خۆشی ناوەندە ژمێرەیی (١١,٣٧) نمرە و لادانی پێودانگی (٤,٠٣) نمرە بوو و ناوەندە ژمێرەیی مسایرە کردن (٢٩,٥) نمرە بوو و لادانی پێودانگی (٦,٥٤) بوو، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٢) هاتووە.

خشتەی (٢) ڕونکردنەوەی تاقیکردنەوەی پێشینە

| | کارامەیی کۆمەڵایەتی | پەیوەندی کەسایەتی هاوبەش | کاتی پشو و خۆشی | ڕۆیشتن لەگەڵیدا |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی نمونەکە | ٨ | ٨ | ٨ | ٨ |
| ناوەندە ژمێرەیی | ١٠٣,٨٧ | ٦٣ | ١١,٣٧ | ٢٩,٥ |
| لادانی پێودانگی | ٢٠,٥٦ | ١٥,٣٣ | ٤,٠٣ | ٦,٥٤ |

**چوارەم / پێداویستییەکانی توێژینەوەکە:** پێکدێت لە :

**یەکەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری نمونەکە: پێکهاتووە لە :**

١. لیستی داتای سەرەتایی منداڵی ئۆتیزم (لە ئامادەکردنی توێژەران).
٢. تەختەی جودارد بۆ پێوانەی زیرەکی [تەختەی شێوەکان].
٣. دەستنیشانکردنی منداڵی ئۆتیزم بەهۆی ڕاپۆرتی پزیشکی.
٤. پێوەری جیلیام بۆ دەستنیشانکردنی منداڵی ئۆتیزم دەرچووی سێیەم – ٢٠١٩.
٥. پێوەری ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری (لە ئامادەکردنی توێژەران).
٦. پێوەری کارامەیی کۆمەڵایەتی (ئامادەکردنی توێژەران)

**دووەم : بەرنامەیەکی ڕەفتاری پێشنیازکراو بۆ پەرەپیدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە لای منداڵی ئۆتیزم لە تەمەنی خوێندنگەی بنەڕەتی (داڕێژتنی توێژەران):**

بۆ داڕێژتنی بەرنامەیەکی ڕەفتاری پێشنیازکراو بۆ پەرەپیدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لە لای منداڵی ئۆتیزم، توێژەران پشتیان بە چوار سەرچاوە بەستووە:

١. دوای خوێندنەوەی تیۆرەکان توێژەران پشتیان بە تیۆری سکینەر بەست چونکە (منداڵ کاتێک ڕەفتارێک ئەنجامدەدات و بێکەم و کوری ئەنجامی دەدات و پاداشت دەکرێت ئەوا ئارەزوی هەیە جارێکی تر دووبارەی بکاتەوە، چەندین شێوازی ڕەفتاری جیاواز هەیە کە دەبێتە هۆی چاککردن و زیادکردنی کارامەیی لە لای منداڵی ئۆتیزم لەوانە هاندان و بەهێزکردن و پاڵپشتیکردن و دروستکردنی پاڵنەرە).

٢. توێژەران پشتیان بەست بە ئەدەبیات و توێژینەوەکانی پێشو لەوانە توێژینەوەی (فراج، ٢٠١٨) و توێژینەوەی (المالکی، ٢٠٠٧)، توێژینەوەی (عبدالرحیم، ٢٠١١) و توێژینەوەی (مشهور، ٢٠١٦).

٣. جگە لەمەش پشتیان بەست بە پرۆگرامە جیهانیەکان بۆ ڕاهێنانی منداڵی ئۆتیزم لەوانە (پرۆگرامی تیتش، پرۆگرامی بێکس، پرۆگرامی صن ڕاین، پرۆگرامی لۆفاز، پرۆگرامی (ABA)و بەرنامەکە بەشێوەیەکی سەرەتای لە (٢١) دانیشتن پێکهاتبوو.

٤. سەرەڕای ئەمانەش توێژەران پشتیان بەستووە بە ئەزمونی خۆیان پاش ئەوەی سەردانی سەنتەر و خوێندنگەی تایبەت بە منداڵی ئۆتیزمیان کرد و پاشان سودیان وەرگرت لە ئەزمونی شارەزایان.

**ئەو ستراتیژیانەی کە لە بوونیاتنانی بەرنامەکە بەکارهێنراوە:**

ستراتیژی بەرنامەکە لەسەر بنەمای شێوازی دانیشتنەکانی ڕاهێنانکردن دامەزراوە، بۆ ئەوەی هەر دانیشتنێک ئامانج و تەکنیکی تایبەت بە خۆی هەبێت، ئەمەش ئەنجامدەدرێت لە ڕێگەی ئەمانەی خوارەوە:

- شیکردنەوەی ڕەفتار.
- چاندنی ڕەفتاری خوازراو.
- بەهێزکردنی ڕەفتارە خوازراوەکە
- دروستکردنی کاردانەوەی هاوشێوە بۆ گەیشتن بە ڕەفتاری خوازراو
- دوبارەکردنەوەی ڕەفتاری خوازراو.
- پاڵپشتی کردن (التعزیز) ئەو کردارەیە، کە دەبێتە هۆی ڕودانی ڕەفتارە خوازراوەکە، واتە ئەو ڕەفتارەی کە توێژەران ئامانجیان ئەوەیە کە لە داهاتوودا منداڵەکە دوبارەی بکاتەوە (زیدان، ٢٠٠٧، ٢٦٧).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp153-166

**پێداویستییەکانی بەرنامەکە:**

١. بەرنامەکە پێویستی بەبەکارهێنانی کۆمەڵێک یاری هەبوو بۆ ڕاهێنان کردن وەکو (یاری پەزڵ) بۆ بەهێزکردنی پرۆسەی بە ئاگابوون و سەرنج ، چەندەها جۆر لە فلاش کارت لەوانە (فلاش کارتی میوەکان و ڕەنگەکان و پیتەکان و جەستەی مرۆڤ)، کەل و پەلی دوکان (دوکانی میوە، دوکانی خواردنی منداڵان) و کەل و پەلی فرنی صمون و ئەستوک بۆ فێربوونی کارامەیی نۆرە گرتن، قەڵەم ڕەنگ و تۆپ و...هتد.

٢. دیاریکردنی کات و شوێنی ڕاهێنانەکان بەشێوەی جێگیر و ڕێکخراو.

٣. ڕاهێنانەکان بۆ سێ بەش دابەشکران سەرەتا توێژەر ڕاهێنانی بە ڕاهێنەران کرد پاشان هۆشیاری دا بە دایک وباوکەکان لەسەر شێوازی ڕاهێنانەکان و ڕۆڵی ئەوان لە ڕاهێنانەکان پاش ئەمە ڕاهێنان بە منداڵەکان کرا .

**ماوەی بەرنامەکە :** بەرنامەکە (٢١) دانیشتن بوو، هەردانیشتنێک (٦٠) خولەک بوو، لە هەر هەفتەیەک سێ دانیشتن هەبوو، جێبەجێکردنی بەرنامەکە (٢) مانگی خایاند. لە ڕێککەوتی (٢٠٢٢/٤/١) دەستی پێکرد و لە ڕێککەوتی (٢٠٢٢/٦/١٦).

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی بۆ بەرنامەکە:**

بۆ دۆزینەوەی ڕاستگۆیی توێژەران بەرنامەکەیان خستە بەردەستی شارەزایان (کە پێکهاتبوو لە ناساندنی بەرنامەکە و ئامانجە گشتیەکان و ئامانجە تایبەتیەکان و ناوەرۆکی بەرنامەکەو نمونەی دانیشتنی ڕاهێنانەکان) و پسپۆڕانی ئەم بوارە کە ژمارەیان (٢٣) پسپۆر بوو، بەڵام تەنیا (١٩) پسپۆر بەرنامەکەی گەڕاندەوە، داوا لە شارەزایان کرا ئەم خاڵانە دەست نیشان بکەن:

١. تاچەند ئەم تەکنیک و ئەم شێوازی ڕاهێنانکردنە گونجاوە بۆ ئەم قۆناغەی تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە.

٢. تاچەند ئەم تەکنیکەو ئەم ڕێگاو ستراتیجیانەو ئەم ئامرازانە گونجاون.

٣. ژمارەی ئەو دانیشتنانە بۆ هەر ئامانجێک و دووبارەکردنەوەی چالاکیەکان تاچەند گونجاوە.

٤. تاچەند ئەو کاتەی بۆ دانیشتنی هەر منداڵێک دانراوە گونجاوە بۆ دانیشتنی بە تەنیا (تاکی).

توێژەران سودیان لە ڕاو سەرنج و پێشنیازی شارەزایان وەرگرت کە زۆربەیان ڕایان لەسەر ئەوەبوو کە کاتی هەر دانیشتنێک لە نێوان (٤٥-٦٠) خولەک بێت و ژمارەی دانیشتنەکان و ئامانجەکانی بەرنامەکەیان پەسند کرد ڕایان لەسەر زۆربەی ئەو هەنگاوانە بوو کە توێژەران گرتبوویانە بەر بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە لە هەر دانیشتنێکدا، ژمارەی دانیشتنەکانیش وەکو خۆی مایەوە بەمشێوەیە بەرنامەکە ئامادەبوو بۆ جێبەجێکردن.

**سێیەم : پێوەری کارامەیی کۆمەڵایەتی :** توێژەران پێوەری کارامەیی کۆمەڵایەتییان ئامادەکرد بە پشت بەستن بە ئەدەبیات و توێژینەوەی پێشو لەوانە توێژینەوەی (فراج، ٢٠١٨) و توێژینەوەی (المالكي، ٢٠٠٧)، توێژینەوەی (عبدالرحیم، ٢٠١١) توێژینەوەی (مشهور، ٢٠١٦) و پێوانەی فاینلاند بۆ ڕەفتاری خۆگونجێنەر و توێژینەوەیەکی مەیدانی کە پێکهاتبوو لە (٣٤) پرسیار بۆ ئەو ڕاهێنەرانەی کە لە سەنتەرەکانی ئۆتیزم کاردەکەن. پێوەرەکە پێکهاتووە لە یەک بوار کە بریتییە لە کارامەیی کۆمەڵایەتی ئەویش پێکهاتووە لە سێ ڕەهەند، (٥) هەڵبژاردن هەبوو بۆ هەر بڕگەیەک لەگەڵ دەستنیشانکردنی کێشی هەر هەڵبژاردنێک بریتییە لە (هەموو کات ئەنجامی دەدات=٥، زۆربەی جار ئەنجامی دەدات=٤، هەندێک جار ئەنجامی دەدات=٣، زۆربەکەمی ئەنجامی دەدات=٢، هیچ کات ئەنجامی نادات=١).

**ڕاستگۆیی وەرگێران:** توێژەران پێوەری کارامەیی کۆمەڵایەتیان بە زمانی کوردی ئامادە کرد، بەڵام بەهۆی کەمی ڕاهێنەری کورد توێژەران پێوەرەکەیان وەرگێرا بۆ زمانی عەرەبی لە ڕێگەی شارەزایەک لە زمانی عەرەبی پاشان پێوەرەکە وەرگێردرا لە عەرەبی بۆ کوردی لە ڕێگەی شارەزایەک لە زمانی کوردی پاشان بەراوردی کوردیە ڕەسەنەکە بەو کوردیەی کە لە زمانی عەرەبی وەرگێردراوە ئەمەش لەڕێگەی شارەزایەک لە بواری دەرونزانی، ئەنجامی ڕاستگۆی وەرگێرانەکە بریتی بوو لە (٩٩.٢١٪).

**ڕاستگۆیی ڕواڵەت:** بۆ ئەم بەستە توێژەران ڕاپرسیەکەیان دابەشکرد بەسەر پسپۆڕانی بواری دەرونی و پەروەردەیی بەشێوەی سەرەتایی کە پێکهاتبوو لە (٤٦) بڕگە کە لە سێ ڕەهەند پێکهاتبوو (پەیوەندی کەسایەتی هاوبەش و کاتی پشوو خۆشی و مسایرەکردن) کە ژمارەیان (٢٣) شارەزابوو بەڵام تەنیا (١٩) شارەزا ڕاپرسیەکانی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی توێژەران دڵنیابن کە ئەو پێوەرەی بۆ ئەو مەبەستەی کە دانراوە پێوانەی بابەتەکە دەکات. دوای وەرگرتنەوەیان بە پشت بەستن بە ڕێژەی (%٨٢,٦٠) ڕازیبوونی پسپۆڕان و گۆڕانکاریکردن لە بڕگەکان بۆیە ئەنجامی ڕاستگۆییەکە دەکاتە (٨٨,٨٪) لە خشتەی ژمارە (٣) ڕاستگۆیی ڕواڵەتی ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (٣) ڕاستگۆیی ڕواڵەتی

| بڕگەی لادراو کە لە (٨٤٪) ڕەزامەندی پسپۆڕی لەسەر نەبووە | بڕگەی گۆڕانکاری تێدا کراو لەسەر ڕاسپاردەی پسپۆڕان | بڕگەکانی وەکو خۆیان مانەوە |
|---|---|---|
| ١٣بڕگە | ٣بڕگە | سەرجەم بڕگەکانی تر کە ژمارەیان ٣٠بڕگە بوو وەکو خۆی ماوەتەوە |

**ڕاستگۆیی چەمکی بونیاتنان:** بەیەکێک لە باشترین جۆرەکانی ڕاستگۆیی دادەنرێت بۆچەمکی ڕاستگۆیی، هەندێکجار پێی دەگوترێت ڕاستگۆیی چەمکەکە، چونکە لەسەربنەمای پێناسەکردنی چەمکەکان بۆ هەر تاقیکردنەوەیەک دامەزراوە. دەتوانرێت ئاماژەکانی ڕەوایی بونیادنانەکە لە ڕێگەی توانای بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ جیاکردنەوەی وەڵامەکانی لەڕێلادەر بۆ هەر بڕگەیەک لە تاقیکردنەوەکەدا (البغدادي، ٢٠٠٥، ٧٨)، ئەمەش بەدەست دەهێنرێت لە ڕێگەی ئەمانەی خوارەوە:

**أ- گونجانی ناوەخۆ (الإتساق الداخلي - Internal Consistency):**

لەبەناوبانگترین ڕێگاکانی ڕاستگۆیی بونیاتنانە کە گرنگی دەدات بەوەی هەر بڕگەیەک بەو ئاڕاستەیە دەڕوات کە پێوەرەکەی بۆ داڕێژراوە و زانینی ئەوەی هەر بڕگەیەک تا چەند لەگەڵ بڕگەکانی تری پێوەرەکە گونجاوە ئەمەش لە ڕێگەی هەژمارکردنی پەیوەندی هەر بڕگەیەک بە کۆ نمرەی پێوەرەکە، هەروەها هەڵبژاردنی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp153-166

ئەو بڕگانەی کە پەیوەندیەکی بەرزی بە کۆ نمرەی پێوەرەکە هەیە (ابراهیم، ٢٠١٣، ٧٥)، ئەمەش بەمشێوەیەی خوارەوەیە

**پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە نمرەی گشتی بوارەکە:** بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە، کۆی نمرەکانی هەربوارێک هەژمارکرا کە لە دوو بوار پێکهاتبوو، دواتر هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن لە نێوان نمرەکانی تاکەکان بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی ڕەهەندەکان، ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخست کەهەموو هاوکۆلکە پەیوەندییەکان بەڵگەدارە لەڕوی ئامارییەوە لە ئاستی (٠,٠١) و (٠,٠٥)، بەم شێوەیە ئەو بڕگانەی کە ماونەتەوە (٣٣) بڕگەیە.

**پەیوەندی نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆنمرەی پێوەرەکە:** هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون بەکارهێنرا بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان نمرەی هەر بڕگەیەک بە کۆنمرەی پێوەرەکە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە پەیوەندیەکە بەڵگەدارە لە ڕوی ئامارییەوە لە ئاستی (٠,٠٥) و (٠,٠١).

**پەیوەندی بوارێک بە بوارەکەی تر و پەیوەندی بوارەکە بە کۆنمرەی پێوەرەکە:** هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون بەکارهێنرا بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هەردوو بوارەکە و پەیوەندی هەر بوارێک بە کۆنمرەی پێوەرەکە لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هاوکۆلکەی پەیوەندی نێوانیان لەنێوان (٠,٧٠٤-٠,٩٣٢)بوو، و بەگشتی بەڵگەداربوو لە ڕوی ئامارییەوە لە ئاستی (٠,٠٥) و (٠,٠١) بوو.

**ب- هێزی جیاکاری (القوة التمييزية - Discriminatory Power)** : بە ڕێگایەک لە ڕێگاکانی ڕاستگۆیی بونیاتنان دادەنرێت بۆ ناسینەوەی هێزی هەر بڕگەیەک لە هێزی جیاکاری لە نێوان ئەو منداڵانەی کە بەرزترین نمرەیان هێناوە لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە نزمترین نمرەیان هێناوە (عبدالله، ٢٠١٣، ٧٠). توێژەران پشتیان بەستووە بەو داتایانەی کە لەکاتی جیبەجێکردنی پێوەرەکە لەسەر نمونەی جیاکاریەکە بەدەستیان هێناوە کە ژمارەیان (١٤٢) منداڵ بوو، نمرەی گشتی دیاریکرا کە منداڵەکان بەدەستیان هێنابوو پاشان نمرەکان لەسەرەوە بۆ خوارەوە ڕیزکران، پاشان بەڕێژەی (٢٧٪) نمرە بەرزەکان و (٢٧٪) نمرە نزمەکان هەڵبژێردران، چونکە قەبارەی نمونەکە لە (١٠٠) زیاترە (أبو فودة و يونس، ٢٠١٢، ١٠٦)، بە هۆی ئەم ڕێگایە هەر گروپێک بوو بە (٣٨) منداڵ، بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دوو گروپی سەربەخۆ بۆ دۆزینەوەی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپی نمرە بەرزەکان و گروپی نمرە نزمەکان بۆ هەر بڕگەیەک لە بڕگەکانی پێوەرەکە دەرکەوت کە بەهای (ت) هەژمارکراو (القيمة التائية المحسوبة) ئاماژەیە بۆ جیاکاری هەر بڕگەیەک لە کاتی بەراوردکردنیان بە بەهای (ت) خشتەیی ئەمەش بە بەرکارهێنانی (SPSS). لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بەهای (ت) هەژمارکراو لە نێوان (٢٢,٩١٢-٤٧,٧٢٢) ئەمەش بەڵگەیە کە بڕگەکان هەمووی بەڵگەدارە لەڕوی ئامارییەوە لە کاتی بەراوردکردنی بە بەهای (ت) خشتەیی کە (٣,١٩٥) بوو لە ئاستی بەڵگرداری (٠,٠٠١) و نمرەی ئازادیش (٧٤).

**جێگیری پێوەرەکە:** بریتییە لە جێگیری نمرەکانی نمونەی توێژینەوەکە لە ماوەیەکی دیاریکراودا بۆ ژمارەیەک جار لە هەمان بارودۆخدا (البغدادي، ٢٠٠٥، ٧٨)، جێگیری بە تایبەتمەندیەکی پێوانەیی دادەنرێت بۆ پێوەرە دەروونیەکان سەرەڕای ئەوەی کە ڕاستگۆیی گرنگترە، چونکە هەموو پێوەرێکی ڕاستگۆ جێگیرە بەڵام مەرج نییە هەموو پێوەرێکی جێگیر ڕاستگۆ بێت، چونکە لەوانەیە بڕگەکانی پێوەرەکە پەیوەندی لە نێوانیان هەبێت، بەڵام پێوانەی تایبەتمەندیەکی تر بکات جگە لەوەی کە بۆ پێوانەکردنی دانراوە. بەڵام ئەمە مانای ئەوەنییە کە توێژەر دەستبەرداری جێگیری بێت، چونکە هیچ پێوەرێک نیە کە تەواو ڕاستگۆ بێت بەڵکو جێگیری ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ وردی پێوەرەکە (احمد، ٢٠٢٢، ١١٠)، بۆ ئەم مەبەستەش بەم ڕێگایانەی خوارەوە جێگیری ئەنجامداوە:

**آ- دابەشکردنی نیوەیی (لەتکردنی پێوەرەکە) Split half reliability:** بریتییە لە دابەشکردنی پێوەرەکە بۆ دووبەش بەبێ ئەوەی تاقیکردنەوەکەی لەسەر ئەنجامدەدرێت پێی بزانێت چونکە وەکو یەک پێوەر پێشکەشی دەکرێت، پاشان توێژەران دوونمرە بۆ هەر تاقیکارێک دادەنێت، نمرەیەک بۆ نیوەی یەکەم کە نوێنەرایەتی ژمارە تاکەکان دەکات و نمرەیەک بۆ نیوەی دووەم کە نوێنەرایەتی ژمارە جووتەکان دەکات (البغدادی، ٢٠٠٥، ٩٣). بۆ ئەمەبەستەش سەرەتا هاوکێشەی سپێرمان براون بەکار دەهێنین کە بۆ ڕاستکردنەوەی جێگیری تاقیکردنەوەکە کە لادانی پێودانگی هەردوو نیوەکە یەکسانە واتە گۆڕانکاری هەردوو نیوەکە یەکسانە، بەڵام ئەگەر ئەم لادانانە یەکسان نەبن ئەوا هاوکێشەی جێتمان بەکاردێت بۆ ڕاستکردنەوەی کاریگەری دابەشکردنەکە (عمر و الآخرون، ٢٠١٠، ٢٢٦)، پاشان جێگیریەکە جیبەجێکرا لەسەر نمونەیەک کە ژمارەیان (٣٠) منداڵی ئۆتیزم بوو لە کوڕ و لە کچ و ئەنجامی جێگیریەکە کە بە پێی هاوکێشەی سێێرمان براون بریتیبوو لە (٩٤٤,٠) بوو هەروەها بە پێی هاوکێشەی جێتمانیش هەمان نمرە بوو کە بریتییە لە (٠,٩٤٤) چونکە دابەشکردنەکە یەکسان بوو واتە (٢٣) بڕگەی تاکی و (٢٣) بڕگەی جووتی ئەمەش ئاماژەیە کە جێگیریەکە زۆر باشە.هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٤) ئاماژەی پێکراوە:

خشتەی (٤) لەتکردنی پێوەرەکە بۆ جێگیری

| گۆڕاوەکە | ژمارەی بڕگەی تاکی | ژمارەی بڕگەی جووتی | ژمارەی نمونەکە | هاوکۆلکەی سپێرمان | هاوکۆلکەی جێتمان |
|---|---|---|---|---|---|
| کارامەیی کۆمەڵایەتی | ٢٣ | ٢٣ | ٣٠ | ٠,٩٤٤ | ٠,٩٤٤ |

**ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ:** بۆ ئەم مەبەستە توێژەران SPSS یان بەکار هێناوە، دوای پڕکردنەوەی (٣٠) فۆرم بەسەر (٣٠) منداڵی ئۆتیزم لە(سەنتەری گەشبین و ڕێکخراوی لەنوێ بۆ شیاندنی ئۆتیزم) واتە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەئەنجامدا دەرکەوت کە جێگیریەکە بەشێوەی ئەلفا کرۆنباخ (٠,٩١٨) بوو، کە ئاستێکی بەرز و گونجاو.

**چوارەم: پێوەری جیلیام بۆ دەست نیشانکردن و دیاریکردنی ئاستی شڵەژانی ئۆتیزم دەرچووی سێیەم GAR-3:**

ئەم پێوەرە لەلایەن جمس جیلیام دامەزراوە لە ساڵی ٢٠١٤. بە تاقیکردنەوەیەکی ستاندارد دادەنرێت کە پێوەرە بۆ یەکلاییکردنەوەی منداڵی ئۆتیزم و دەست نیشانکردنی ئاستەکەی، وەکو ئامرازێک بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەو پۆلێن کردنی منداڵانی ئۆتیزم. بۆ تەمەنی ٣-٢٢ ساڵی گونجاوە، دابەشکراوە بەسەر شەش ڕەهەند ، بۆ هەر بڕگەیەک (٤) هەڵبژاردن هەیە (بەڵێ=٣، هەندێکجار=٢، بەدەگمەن=١، نەخێر=سفر) و نمرەی پێوەرەکە لە نێوان (سفر-١٧٤) نمرەیە ئەم پێوەرە داڕێژراوە بە پشت بەستن بە و زانیاریانەی کە لە کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ شڵەژانی ئۆتیزم ئاماژەی پێکراوە و مانوێلی دەستنیشانکردن DSM-V.

**ڕاستگۆیی وەرگێران:**

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp153-166

توێژەر پێوەری جیلیامی بۆ دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ئاستی منداڵی ئۆتیزم بەکارهێناوە سەرەتا پێوەرەکەی لە زمانی عەرەبی وەرگێراوە بۆ زمانی کوردی لەلایەن پسپۆرێک لە زمانی کوردی پاشان بە پشت بەستن بە پسپۆرێکی زمانی عەرەبی پێوەرەکە لەکوردی وەرگێردراوە بۆ زمانی عەرەبی پاشان بە پشت بەستن بە پسپۆرێکی پەروەردە و دەروونزانی بەراوردی نێوان هەردوو عەرەبییەکە کراوە لە ئەنجامدا دەرکەوت کە ڕاستگۆیی وەرگێرانەکە (٩٣٪) بوو کە ئەمەش ئەنجامێکی زۆر باشە.

**ڕاستگۆیی ڕواڵەتی:**

بۆ دڵنیابوونی لە ڕاستگۆیی پێوەری جیلیام بەشێوەی ڕواڵەتی، توێژەران ڕاپرسییەکەیان دابەشکرد بەسەر پسپۆرانی بواری دەرونی و پەروەردەیی بەشێوەی سەرەتایی کە پێکهاتبوو لە (٥٨) بڕگە کە لە(٦) بوار پێکهاتووە یەکەم (ڕەفتارە دووبارەبییەکان و وابەستەکان) کە (١٣) بڕگەیە، دووەم (کارلێکی کۆمەڵایەتی) کە (١٤) بڕگەیە، سێیەم بوار (پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە) کە (٩) بڕگەیە، چوارەم (وەڵامدانەوە هەڵچوونیەکان) کە (٨) بڕگەیە، پێنجەم (شێوازی زانەکی) کە (٧) بڕگەیە ، شەشەم بوار (قسەکردنی نەشیاو) کە (٧) بڕگە بوو، و ژمارەیان (٢٣) شارەزابوو، بەڵام تەنیا (١٩) شارەزا ڕاپرسیەکانی گەراندەوە بۆ ئەوەی توێژەر دڵنیا بێت کە ئەو پێوەرەی بۆ ئەو مەبەستەی کە دانراوە پێوانەی بابەتەکە دەکات. دوای وەرگرتنەوەیان بە پشت بەستن بە ڕێژەی (٨٢,٦٠٪) ڕازیبوونی پسپۆران و گۆڕانکاریکردن لە بڕگەکان ، پاش گەرانەوەی ڕاپرسیەکان توێژەر سەیری هەریەک لە ڕاپرسیەکانی کرد بۆی دەرکەوت هەچ بڕگەیەک لانەبردراوەو هیچ گوزارشتێک گۆرانکاری تێدا نەکراوە بۆیە ئەنجامی ڕاستگۆیی ڕواڵەتیەکە (٩٢٪) بوو.

**جێگیری پێوەرەکە:** بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بە دووڕێگا جێگیری بۆ پێوەرەکە ئەنجامدا لەوانە:

**لەتکردنی پێوەرەکە:** ئەم ڕێگایە پلەیەکی بەرزی یەکسانی ناوخۆیی هەیە، بۆیە ئەگەر ئەم پێوەرە بۆ نمونەیەکی تری هاوشێوەی ئەمە جێبەجێبکرێت ئەوا هەمان ئەنجام دەدات بەدەستەوە واتە بۆ هەر تاقیکارێک دوونمرە هەیە واتە کۆنمرەی بڕگە تاکەکان و کۆنمرەی بڕگە جوتەکان و پاشان پەیوەندی نێوان ئەم کۆنمرەیە دەدۆزرێتەوە و کاتێک پەیوەندیەکە بەهێز بوو ئەوا مانای وایە جێگیری ئەم پێوەرە لە ئاستێکی بەرزدایە (کراجە، ١٩٩٧، ل١٢٢). بۆیە توێژەر ڕاپرسیەکەی بەسەر (٣٠) منداڵی ئۆتیزم دابەشکرد لە کور و لە کچ و پاشان توێژەر پشتی بە ئامرازی ئاماری سپێرمان براون و جێتمان بەست لە ڕێگەی جانتای ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان SPSS و لە ئەنجامدا دەرکەوت کە جێگیریەکە (٠,٧٢٦) بوو کە ئەمەش مانای وایە کە جێگیری پێوەرەکە لە ئاستێکی باش دایە.

**ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ:** بۆ ئەم مەبەستە توێژەر SPSS ی بەکار هێناوە، دوای دابەشکردنی (٣٠) فۆرم بەسەر (٣٠) منداڵی ئۆتیزم واتە بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، لەئەنجامدا دەرکەوت کە جێگیریەکە بەشێوەی ئەلفا کرۆنباخ (٠,٩٧٥) بوو.

**جێبەجێکردنی کۆتایی:**

توێژەران دەستیان بە جێبەجێکردنی بەرنامەکەیان کرد پاش بانگەوازکردنی لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە لە ڕێککەوتی (٢٠٢٢/٣/١) کە ڕۆژانی (٥-٦-٧-٨-/٢٠٢٢/٣) توێژەران لەگەڵ ئەندامانی ڕێکخراوی لە نوێ بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو دایک و باوکانەی کە منداڵی ئۆتیزمیان هەیە بۆ زانینی ژمارەی ئەو منداڵانەی کە ئۆتیزمیان هەیە لە کۆیە و بۆ زانینی کۆمەڵگای توێژینەوەکە.

پاش ئەم وادەیە توێژەران نمونەی توێژینەوەکەیان هەڵبژارد لەڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ دایک و باوکی منداڵەکان و تێبینیکردنی منداڵەکەو دەستنیشانکردنیان لەڕێگەی پێوەری جیلیام و جێبەجێکردنی پێوەری کارامەیی زمانەوانی .

پاش هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە تاقیکرنەوەی پێشینە لە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٤/١ تا ٢٠٢٢/٤/٥ پاشان یەکەم دانیشتن بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکە لە ٢٠٢٢/٤/١١ بۆ نمونەی توێژینەوەکە ئەنجامدرا.

پاشان توێژەران تاقیکردنەوەی پاشینەیان ئەنجامدا لەگەڵ نمونەی توێژینەوەکە لە ڕێککەوتی (٢٠٢٢/٦/١٤) تاوەکو (٢٠٢٢/٦/١٦).

پاشان توێژەران تاقیکردنەوەی بەدواداچوونیان (التتابعي) ئەنجامدا لەگەڵ نمونەی توێژینەوەکە لە ڕێککەوتی (٢٠٢٢/٨/١٧) تا (٢٠٢٢/٧/١٩).

**ئامرازی ئاماری بەکار هاتوو لە توێژینەوەکە :** بۆ شیکردنەوەی ئامانجەکانی توێژینەوەکە پرۆگرامی هەگبەی ئاماری (SPSS) بەکارهێنرا لەناو پرۆگرامی ئاماریش ئەمانەش بەکارهێنران:

١. تاقیکردنەوەی wilcokson بۆ دۆزینەوەی بەڵگەداری ئاماری بۆ کارامەیی زمانەوانی، چونکە ژمارەی سامپڵەکە لە (٣٠) کەمترە و توێژەران دوای ئەنجامدانی تێستی نۆرماڵتی، بۆیان دەرکەوت کە داتاکان بەشێوەی سروشتی دابەش نەبوو بۆیە توێژەران تەکنیکی ئاماری داتای نا پارامەتریکیان بەکارهێنا کە گونجاوبێت بۆ ئەم توێژینەوەیە کە بریتییە لە تەکنیکی ویلکوکسون (wilcokson).

٢. هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن

٣. هاوکۆلەی پەیوەندی سپێرمان براون

٤. ئەلفا کرونباخ.

٥. ڕێژەی سەدی بۆ دۆزینەوەی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی.

**خستنە ڕوی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان :**

بۆ ئەم مەبەستە توێژەران داتاکانیان داخلی هەگبەی ئامارکرد بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەنجامی ئامانجەکان کە بەمشیوەیەی خوارەوە بوو:

ئامانجی یەکەم: بونیاتنانی بەرنامەیەکی ڕەفتاری پێشنیازکراو بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی کە یەکێکە لە ڕەفتاری خۆگونجێنەر بۆ منداڵانی ئۆتیزم بۆ تەمەنی قۆناغی بنەرەتی و تەمەنی (٦-٨)ساڵی. توێژەران توانیان ئەم ئامانجە بێنێتە دی ئەمەش بە هەنگاوی ڕون و ئاشکرا هەروەک لە پێشوتردا باسکراوە.

ئامانجی دووەم: زانینی کارایی بەرنامەیەکی ڕەفتاری پێشنیازکراو بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵی ئۆتیزم لە تەمەنی خوێندنگەی بنەرەتی (٦-٨)ساڵی.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە دووئامانجی لاوەکی تری لێدەبێتەوە کە بریتییە لە:

آ- زانینی کاریگەری بەرنامەیەکی ڕەفتاری پێشنیازکراو بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە بەبەراوردکردنی تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینە.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، توێژەران تاقیکردنەوەی ویلکوکسونیان بەکارهێنا T-test Wilcoxon چونکە دووگرووپی هاوشێوەمان هەیە (واتە هەرکەسێک دووجار

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp153-166

تاقیکردنەوەکەی لەسەر جێبەجێدەکرێت)، توێژەر هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بەراورد دەکات کە بۆ پێوانەکردنی هەر گۆراوێک ئەنجامدراوە چونکە نمونەی توێژینەوەکە بچووکە ، بۆ ئەم مەبەستەش هەگبەی ئاماری SPSS بەکارهێنرا بۆشیکردنەوەی ئەنجامەکان هەروەک لە خشتەی ژمارە (٥) ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (٥) بۆ ڕونکردنەوەی ئامانجی دووەم

| کارامەیی کۆمەڵایەتی | جۆرەکانی تاقیکردنەوە | نمونەی توێژینەوەکە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پیوادنگی | بەهای (ز) | ئاستی بەڵگەداری ئاماری | دەرئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارامەیی کۆمەڵایەتی بە گشتی | تاقیکردنەوەی پێشینە | ٨ | ١٠٣,٨٧٥ | ٢٠,٥٦٦ | ٢,٥٢٤ | ٠,٠١٢ | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە |
| | تاقیکردنەوەی پاشینە | ٨ | ١٢٧,٨٧٥ | ١٩,٦٦٤ | | | |
| پەیوەندی کەسایەتی هاوبەش | تاقیکردنەوەی پێشینە | ٨ | ٦٣ | ١٥,٣٣٤ | ١,٤٣٩ | ٠,١٥٠ | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشینە و تاقیکردنەوەی پاشینە |
| | تاقیکردنەوەی پاشینە | ٨ | ٦٩,٦٢٥ | ١٢,١٧٦ | | | |
| کاتی پشوو خۆشی | تاقیکردنەوەی پێشینە | ٨ | ١١,٣٧٥ | ٤,٠٣٣ | ٢,١١٣ | ٠,٠٣٥ | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە |
| | تاقیکردنەوەی پاشینە | ٨ | ١٦,٦٢٥ | ٣,٧٣٩ | | | |
| ڕۆیشتن لەگەڵیدا | تاقیکردنەوەی پێشینە | ٨ | ٢٩,٥٠٠ | ٦,٥٤٦ | ٢,٥٢١ | ٠,٠١٢ | جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان تاقیکردنەوەی پێشینەو پاشینە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە |
| | تاقیکردنەوەی پاشینە | ٨ | ٤١,٦٢٥ | ٥,٤٧٥ | | | |

لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەهای (ز=٢,٥٢٤) بۆ کارامەیی کۆمەڵایەتی کە بەڵگەدارە لە ئاستی (٠,٠٥) (P=0.012) و لەبەرئەوەی بەهای (sig) کەمترە لە بەهای (٠,٠٥) ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشینەو تاقیکردنەوەی پاشینە هەیە لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە و ئەو پرۆگرامە کاریگەری خۆی لەسەر پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لەلای منداڵی ئۆتیزم هەیە ، ئەم ئەنجامەش دەگونجێت لەگەڵ توێژینەوەی (مشهور، ٢٠١٦) و (سمیە، ٢٠١٧) و (مسعودة و بشیر، ٢٠١٨) ، (نفیسة، ٢٠١٣) و (علیوە، ١٩٩٩).

دەرکەوت کە بەهای (ز=١,٤٣٩) بۆ ڕەهەندی پەیوەندی کەسایەتی هاوبەش کە بەڵگەدار نییە لە ئاستی (٠,٠٥) (p=0.150) و لەبەرئەوەی بەهای (sig) زیاترە لە (٠,٠٥) کەواتە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشینەو تاقیکردنەوەی پاشینە نییە.

بەڵام بەهای (ز=٢,١١٣) بۆ ڕەهەندی کاتی پشوو و خۆشی ئەمەش بەڵگەدارە لە ئاستی (٠,٠٥) (p=0.035) و لەبەرئەوەی بەهای (sig) کەمترە لە (٠,٠٥) ئەمەش مانای وایە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشینەو تاقیکردنەوەی پاشینە لەبەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینەو هەروەها ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەرنامەکە کاریگەری خۆی لەسەر پەرەپێدانی ڕەهەندی کاتی پشوو و خۆشی لەلای منداڵی ئۆتیزم هەیە.

و بەهای (ز=١,٦١٢) بۆ ڕەهەندی ڕۆیشتن لەگەڵیدا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە ئاستی (٠,٠٥) (p=0.012) و لەبەرئەوەی بەهای (sig) کەمترە لە (٠,٠٥) ئەمەش مانای وایە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشینەو تاقیکردنەوەی پاشینە لە بەرژەوەندی تاقیکردنەوەی پاشینە هەیە کەواتە بەرنامە کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی ڕەهەندی مسایرە کردن لە لای منداڵی ئۆتیزم هەیە.

هەرەها بەهۆی ئەم ئەنجامانەی سەرەوە توێژەران گریمانەی سفری ڕەت دەکەنەوە کە بریتی بوو لە (هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پێشینەو ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشینە لای نمونەی توێژینەوەکە نیە کە بەرنامەی ڕەفتاری پێشنیازکراویان بەسەردا جێبەجێکراوە).

ب- زانینی کاریگەری بەرنامەیەکی ڕەفتاری پێشنیازکراو بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی لای نمونەی توێژینەوەکە بەبەراوردکردنی تاقیکردنەوەی پاشینە و تاقیکردنەوەی بەدواداچوون.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، توێژەران تاقیکردنەوەی ویلکۆکسونیان بەکارهێنا -T test Wilcoxon چونکە دووگروپی هاوشێوەمان هەیە (واتە هەرکەسێک دووجار تاقیکردنەوەکەی لەسەر جێبەجێدەکرێت)، توێژەر هەردوو ناوەندی ژمێرەیی بەراورد دەکات کە بۆ پێوانەکردنی هەر گۆڕاوێک ئەنجامدراوە چونکە نمونەی توێژینەوەکە بچوکە ، بۆ ئەم مەبەستەش هەگبەی ئاماری SPSS بەکارهێنرا بۆشیکردنەوەی ئەنجامەکان هەرەک لە خشتەی ژمارە (٦) رونکراوەتەوە:

خشتەی (٦) بۆ ڕونکردنەوەی ئامانجی دووەم

| کارامەیی کۆمەڵایەتی | کاتی جیبەجێکردن | نمونەی توێژینەوەکە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پیودانگی | بەهای (ز) | ئاستی بەلگەداری ئاماری sig | دەرئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارامەیی کۆمەڵایەتی | تاقیکردنەوەی پاشینە | ٨ | ١٢٧,٨٧٥ | ١٩,٦٦٤ | ١,٦١٢ | ٠,١٠٧ | جیاوازی بەلگەداری ئاماری نییە لە نێوان تاقیکردنەوەی پاشینە و تاقیکردنەوەی بەدواداچوون |
| | تاقیکردنەوەی بەدواداچوون | | ١١٥,٢٥٠ | ٢١,٠٤٢ | | | |

لەم خشتەیەی سەرەوە بۆمان دەرکەوت کە بەهای (ز=١,٦١٢) بۆ کارامەیی کۆمەڵایەتی و ئەمەش بەلگەدارنییە لە ئاستی (٠,٠٥) (p=0.161) و لەبەرئەوەی بەهای (sig) زیاترە لە (٠,٠٥) ئەمەش مانای وایە جیاوازی بەلگەداری ئاماری نیيە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی تاقیکردنەوەی پاشینە و تاقیکردنەوەی بەدواداچوون.

کەواتە لێرەدا توێژەران گریمانەی سفری پەسند دەکەن کە بریتی بوو لە (هیچ جیاوازیەکی بەلگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (٠،٠٥) لە نێوان ناوەندە ژمیرەیی تاقیکردنەوەی پاشینەو ناوەندە ژمێرەیی تاقیکردنەوەی بە دواداچوون لای نمونەی توێژینەوەکە کە بەرنامەی ڕەفتاری پێشنیاز کراویان بەسەردا جێبەجێکرا).

توێژەران وای بۆ دەچن کە هۆکاری ئەوەی کە جیاوازی بەلگەداری ئاماری نیيە لە نێوان تاقیکردنەوەی پاشینەو تاقیکردنەوەی بە دواداچوون بۆ کاریگەری کارایی بەرنامەی ڕەفتاری پێشنیازکراو دەگەڕێتەوە، هەروەها هاوکاری خێزانەکان و کارامەیی ڕاهێنەرانی یاریدەدەری توێژەران کاریگەری هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی کارامەیی کۆمەڵایەتی (کە یەکێکە لە تایبەتمەندی ڕەفتاری خۆ گونجێنەر) لەلای منداڵی ئۆتیزم.

ئامانجی سێیەم / دۆزینەوەی بەهای قەبارەی کاریگەری بەرنامەیەکی ڕەفتاری پێشنیازکراو بۆ پەرەپێدانی کارامەیی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵی ئۆتیزم لە تەمەنی قوتابخانەی بنەرەتی .

توێژەران بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە ئەم یاسایەیان بەکارهێناوە (بەهای قەبارەی کاریگەر= بەهای ولکوکسون لەسەر ڕەگی ژمارەی ئەندامانی سامپڵ (r=z÷√n)، بەهاکە = ٠,٨٩٢ ئەمەش مانای وایە کارایی بەرنامەکە زۆرە واتە قەبارەی کارایی بەرنامە گەورەیە، ئەگەری هەیە ئەگەر ماوەی جێبەجیکردنی بەرنامەکە زیاتر بوایە ئەوا کاراییەکە زیاتر دەبوو، بەڵام بەپێی دەرئەنجامی توێژینەوەکان و سیفەت و تایبەتمەندی منداڵی ئۆتیزم ئەوا ئاساییە کە لەو ماوە کورتە منداڵەکە تا ئەو ئاستە لە گۆڕانکاری بێت.

و سەرچاوەی پشتپێبەستراو بۆ دیاریکردنی بەهای قەبارەی کاریی نمونەی توێژینەوەکە لەم خشتەیەی خوارەوە ڕونکراوەتەوە:

خشتەی (٧) بۆ دیاریکردنی ئاستی قەبارەی کاریگەری نمونەی توێژینەوەکە

| | Effect size | Small Medium | Large |
|---|---|---|---|
| r | ٠,٣٠>٠,١٠ | ٠,٥٠>٠,٣٠ | ٠,٥٠≤ |

**ڕاسپاردە:**

١. زۆر گرنگە ڕێکخراوەکان یان سەنتەرەکانی ڕاهێنانکردن یان ئەو خوێندنگانەی کە تایبەتە بە منداڵی ئۆتیزم لەکاتی بونیاتنانی بەرنامەیەکی ڕەفتاری ڕەچاوی جیاوازی تاکایەتی بکرێت، لەکاتی جێبەجێکردنی بەرنامەکە لەسەر هەر منداڵێکی ئۆتیزم.

٢. پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وزارەتی پەروەردە زۆر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی ئۆتیزم بدەن لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکان و سۆشیال میدیا، بڵاوکردنەوەی هۆکارەکانی توشبوون بە ئۆتیزم و چۆنیەتی هاوکاریکردنی منداڵی ئۆتیزم و باشترکردنی لایەنی زمانەوانیان.

٣. کردنەوەی خول لەلایەن وزارەتی پەروەردە بۆ ڕاهێنان پێکردن بۆ مامۆستایانی منداڵی خاوەن پێداویستی تایبەت.

**پێشنیاز:**

١. ئەنجامدانی توێژینەوەکە لەسەر نمونەیەکی گەورەتر لەم نمونەیە و لە شاروشارۆچکەکانی تری کوردستان.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ئەزمونی و بونیاتنانی بەرنامەیەکی ڕەفتاری لەسەر پەرەپێدان بە ڕەفتاری خۆ گونجێنەر (کارامەییەکانی ژیان) لەسەر منداڵانی ئۆتیزم لە تەمەنی ٦-٨ ساڵی.

٣. بونیاتنانی بەرنامەیەک بۆ پەرەپێدان بە ڕەفتاری خۆ گونجێنەر بە پشت بەستن بە تەکنیکی چارەسەر بە هونەر.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp153-166

## سەرچاوەکان:

إبراهيم، هه زار قادر، ٢٠١٣، الرضا عن الحياة و علاقته بالإلتزام الوظيفي لدى الموظفي الرئاسة الجامعة في إليم كردستان العراق، رسالة ماجستير، غير منشورة، جامعة صلاح الدين، كلية الآداب، قسم علم النفس.

أبو فودة و يونس، باسل خميس و نجاتي محمد، ٢٠١٢، الإختبارات التحصيلية، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان، الأردن.

أحمد، هاوناز علي، ٢٠٢٢، أثر برنامج قائم على الألعاب التعليمية و الأنشطة اللاصفية في تنمية المهارات الحركية و الحياتية لدى ذوي اضطراب التوحد، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة صلاح الدين، كلية التربية، قسم التربية الخاصة.

البغدادي، سجلاء فائق هاشم، ٢٠٠٥، القدرات الإدراكية الحسية الحركية و المهارات الإجتماعية لتلاميذ صف الأول الإبتدائي الملتحقين و غير الملتحقين برياض الأطفال، جامعة البغداد، كلية التربية للبنات، قسم رياض الأطفال، رسالة ماجستير .

بيومى، لمياء عبد الحميد، ٢٠٠٨، فاعلية برنامج تدريبي لتنمية بعض المهارات العناية بالذات لدى الأطفال التوحديين، جامعة قناة السويس، كلية التربية، قسم علم النفس التربوي، أطروحة دكتوراه منشورة.

الخطيب، جمال، ٢٠٠٣، تعديل السلوك الانساني، دار حنين للنشر و التوزيع، الكويت، ط١.

الخفاجي، سهام على حسن، ٢٠١١، تأثير منهج تعليمي باللعب لتنمية التواصل اللغوي للأطفال المصابين بطيف التوحد، مجلة كلية التربية الرياضة، جامعة بغداد، المجلد:٢٣، العدد، ٢، ص٩٣-١١٤.

داغستاني، بلقيس اسماعيل، ٢٠١١، استخدام جداول الأنشطة الصورة مدخلاً لإكساب بعض المهارات الحياتية لدى أطفال الروضة الذاتويينو مجلة القدس المفتوحة للأبحاث و الدراسات، العدد :٢٢، ص٧٩-١٢٠.

الدليل الشامل للتعليم في العراق، ٢٠٢٢، الدليل الشامل لنظام التعليم في العراق، منشور على الأنترنيت على الرابط: https://elmadrasah.com/blogs/news/iraq-education-guide ، تم إسترجاعه بتاريخ : ٢٠٢٢/٨/٦، 9:36pm

دودين، حمزة محمد، ٢٠١٣، التحليل الإحصائي المتقدم للبيانات باستخدام SPSS، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان، ط٢.

دول، إدجار، ٢٠٠٤، مقياس فاينلاند للسلوك التكيفي لـ (سارا سبارو و دافيد بالا و دومنيك شيكشتي)، ترجمته: بندر بن ناصر العتيبي، جامعة الملك سعود، كلية التربية، قس التربية الخاصة المنشور على الأنترنيت على الرابط . http://dr.danderalotaibi.com تم إسترجاعه: بتاريخ ٢٠٢١/٥/١، 7pm.

رابح و شويعل، شليحي و سامية، ٢٠١٧، تحديد مشكلات الطفل التوحدي و أسرته في الجزائر و قياس درجة شيوعيها، كما يدركها الأولياء في ضوء بعض المتغيرات الديموغرافية (دراسة ميدانية في بعض مناطق الشرق الجزائري)، https://www.researchgate.net/publication/331691672

ربيع، هادي مشعان، ٢٠٠٨، علم النفس التربوي، مكتبة المجتمع العربي للنشر و التوزع، الأردن، ط١.

زيدان، أمل فتاح، ٢٠٠٧، أثر التعزيز ارمزي في تحصيل الطالبات الصفالثاني المتوسط في مادة الاحياء في مركز محافظة النينوى، مجلة التربية و العلم، المجلد (١٤)، العدد(١)، ص٢٦٥-٢٩٢.

سلامة، مشيرة فتحي محمد، ٢٠١٤، الإنتباه و المهارات الاجتماعية لدى أطفال الذاتويين، مؤسسة الطيبة للنشر و التوزيع، ط١.

سلیمان و نافع و حمدي،عبدالرحمن سيد و جمال محمد حسن و نجوى محمد محمد، ٢٠١٦، فاعلية برنامج تدريبي مقترح لتحسين السلوك التكيفي و خفض المشكلات السلوكية لدى الأطفال ذوي الإعاقة العقلية المتوسطة المقيمين داخلياً والمترددين، مجلة الإرشاد النفسي، المجلد: ٢، العدد:٤٧، ص٢٥٧-٣٣٨.

سهيل، تامر فرح، ٢٠١٥، التوحد (تعريف..الأسباب..التشخيص و العلاج)، دار الأعصار للنشر و التوزيع، عمان، ط١.

صفري و آخرون، طيبة و زهرا خليلي و منصورة هميتان، ٢٠١٥، دەستپێوەردانی ڕەفتاری لە توشبوانی ئۆتیزم دا، وەرگێرانی مەریەم عبدولڕەحمانك چاپخانەی کاردۆ، هەولێر، چ١.

عبدالرحيم، سامية، ٢٠١١، فاعلية برنامج سلوكي في تنمية بعض مهارات السلوك التكيفي للأطفال المعوقين عقليا القابلين للتعليم، مجلة جامعة دمشق، المجد: ٢٧، ص٨٩-١٥٩.

عبدالله، تانية وصفي، ٢٠١٣، الإستقرار النفسي و علاقته بالرضا الوظيفي لدى تدريس المدارس الإعدادية في مركز مدينة أربيل، رسالة ماجستير – علم النفس التربوي، جامعة صلاح الدين، كلية الآداب، قسم علم النفس

عبدلقادر، أشرف أحمد، ٢٠١٣، فاعلية التدخل المبكر في تحسين جودة الحياة أسر أطفال الأوتيزم، دراسة مقدمة إلى الملتقى الثالث عشر-الجمعية الخليجية للإعاقة، مملة البحرين، ص١-٢٦.

عطية، محسن علي، ٢٠٠٩، البحث العلمي في التربية (مناهجه و أدواته و وسائله الإحصائية)، دار المناهج للنشر و التوزيع، الأردن.

عليوة، سهام على عبدالغفار، ١٩٩٩، فعالية كل من برنامج إرشادي للأسرة و برنامج للتدريب على المهارات الإجتماعية للتخفيف من أعراض الذاتوية (الأوتيزم) لدى الأطفال، جامعة طنطا، كلية التربية، قسم الصحة النفسية، أطروحة دكتوراه منشورة.

عمر و الآخرون، محمود أحمد و الآخرون، ٢٠١٠، القياس النفسي و التربوي، دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان، الأردن.

عوض، عباس محمود، ١٩٩٩، المدخل إلى علم النفس النمو، دار المعرفة الجامعية، الأزاريطة.

فراج، إيمان محمد صديق، ٢٠١٨، فاعلية برنامج قائم على الألعاب التربوية لتنمية بعض مهارات السلوك التكيفي لدى فئة من الأطفال ذوي اضطراب طيف التوحد، مجلة الطفولة، العدد:٢٩، ص١.

قطامي، يوسف محمود، ٢٠٠٥، نظريات التعلم و التعليم، دار الفكر للنشر و التوزيع، الأردن، ط١.

قطب، نيرمين بنت عبدالرحمن بكر، ١٤٢٧هـ، برنامج سلوكي لتوظيف الإنتباه الإنتقائي و أثره في تطوير استجابات التواصل اللفظية و غير اللفظية لعينة من الأطفال التوحد، جامعة أم القرى، كلية التربية، قسم علم النفس، رسالة ماجستير منشورة.

كاشف، إيمان فؤاد، ٢٠١٢، نحو فهم أكثر عمقاً لإضطراب التوحد، مجلة التربية الخاصة (كلية التربية بالزقازيق)، العدد١١.

كراجة، عبدالقادر، ١٩٩٧، القياس و التقويم في علم النفس رؤية جديدة، دار اليازوري العلمية للنشر و التوزيع، عمان.

الماحي، إنتصار أحمد يوسف، ٢٠١٧، فاعلية برنامج تدريبي مقترح لتنمية المهارات الإجتماعية لدى أطفال ذوي اضطراب التوحد بمراكز التربية الخاصة في مجلة الخرطوم، جامعة سودان للعلوم و التكنولوجيا، كلية التربية ، قسم علم النفس ، اطروحة دكتوراه.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2024.pp153-166

المالكي، حسين بن علي، ٢٠٠٨، مهارات السلوك التكيفي عند تلاميذ معاهد و برامج التربية الفكرية في مدينة الرياض، جامعة الملك سعود، كلية التربية، قسم التربية الخاصة، رسالة ماجستير منشورة .

مسعودة و بشير، حماد و حلطي، ٢٠١٨، مدى فاعلية برنامج تدريبي مقترح في تنمية مهارات التواصل الاجتماعي لدى أطفال التوحد، مجلة الباحث في العلوم الانسانية و الاجتماعية، العدد: ٣٥، ص١٠٣٥-١٠٤٤.

مشهور، ميرفت محمد عبدة أحمد، ٢٠١٦، فاعلية برنامج تدريبي مقترح قائم على أنشطة اللعب الجماعي في تنمية المهارات الإجتماعية لدى أطفال ذوي التوحد في إمارة أبو ظبي – دولة الإمارة العربية المتحدة – دراسة حالة، جامعة الإمارات العربية المتحدة، كلية التربية، قسم التربية الخاصة، رسالة ماجستير منشورة.

المصدر، إيمان جمال سالم، ٢٠١٥، فاعلية برنامج تحليل السلوك التطبيقي في تعديل سلوك أطفال التوحد، الجامعة الغسلامية – غزة، كلية التربية، قسم الصحة النفسية و المجتمعية، رسالة ماجستير منشورة.

نفيسة، طراد، ٢٠١٣، فاعلية برنامج تدريبي في تحسين المهارات الإجتماعية لدى عينة من الأطفال التوحديين، جامعة قاصدي مرباح، كلية العلوم الإنسانية و الإجتماعية، قسم العلوم الاجتماعية، رسالة ماجستير منشورة.

الهادي، نبيل عبد، ٢٠٠٢، النمو المعرفي عند الطفل، دار وائل للنشر، الأردن، ط١.

Alfieri, P., Scibelli, F. & et al, 2022, Differences and Similarities in Adaptive Functioning between Children with Autism Spectrum Disorder and Williams–Beuren Syndrome: A Longitudinal Study, Genes Journal, 13,1266, PP:1-12. https://www.mdpi.com/journal/genes

Christopher, S. &Shakila, C.,2015, Social Skills in Children With Autism, Indian Journal OF Applied Research, Vol.5, Issue:1, PP:139-141.